# ئامارەیەك

جبران خەلیل جبران (١٨٨٣ ــ ١٩٣١)، ساڵی ١٩٠٤ لەگـەڵ (ماری هەسكڵ)دا ئاشنا بوو. مـاری بەڕێوەبـەری قوتابخانەیـەكی ئـەمریكی بـوو كـە داڵـدەی منداڵـە هـەتیوەكانی دەدا. ئـەم ئاشـــنابوونە بـــووە بناغـــەی دۆســـتایەتیەكی هەمیـــشەیی... ئاشنایەتیو دۆستایەتییەك كە جاروبار بەرەو ئەشقو خۆشەویستی وەردەچەرخا، بەڕادەیـەك كـە جـبران بـەهۆی مـاریو بـۆ مـاری، دەیتوانی هەمیشە وێنـە بكێـشێتو جـوانترین تـابلۆ بخوڵقێنـێ، هەروەك چۆن دەیتوانی جوانترین نامەی بۆ بنووسێتو ناسـكترینو قووڵترین وشەی پڕ هەستو سۆزو خۆشەویستیی ئاراسـتە بكـات. ئەم ئاشنایەتییە بەهۆی لێك جیاییو دووری جاروباری ئەم دووانە لێكدی بووە هۆی نووسینو گۆڕینەوەی گـەلێ نامـەی جـوانو پـڕ واتای فكریو فەلسەفی لەنێوانیاندا.

نامەگەلێك كە دواتر بەهۆی (پـاولۆ كۆئیلـۆ)وە كۆكرانـەوەو نووسرانەوەو لە دووتوێی كتێبدا بەناونیشانی (نامە ئاشقانەكانی پێغەمبەرێك) چاپو بڵاوكرانەوە.

وەرگێـڕدراوی كـوردیی ئـەم نامـە جوانانـە لەگـەڵ ئەشـقو خۆشەویستیی خۆمدا پێشكەشی سـەرجەم ئەویـندارانی وشـیارو راستگۆی كوردستانی گەورە دەكەم.

**جەلیل عەباسی**

**هەولێر ٢٠٠٦/٧/٢٠**

(١)

هەرلە هەمان یەکەم دیداردا، سەرنجت بۆلای خـۆت راکێـشام، هەر ئەو کاتە کە لە پیشانگای تابلۆکانمدا لە ستۆدیۆکەی بـەڕێز (دای)، کاتێ بە دەست یاریت بە ملوانکـە زیوینەکـەی گـەردنت دەکرد، بەرەو ڕووم هاتیتو پرسـیت: " ئایـا دەتـوانم هەنـدێ لـە تابلۆکانت لە قوتابخانەکەمدا پیشان بدەم؟"

منیش ڕازی بووم.. هەرچەندە وتووێژەکەمان زۆرتری دەخایانـد، هەستی من باشترو ئارامتر دەبوویەوە.

ئەوکاتەی کە بۆ یەکەمجار هاتمە ماڵەکەت، هەسـتمدەکرد کـە کەشی ژوورەکەت - کتێبەکان، شێوەی ڕازاندنەوەی ناو ماڵەکە — نزیکیو لێکچوونێکی قووڵی لەگەڵ ناخی مندا هەیە.

چێژم لە شێوەی گفتوگۆکەمان بردو هەرواش لەو لێهـاتوویيو شارەزاییەی تۆ لەوەدا کە چۆن منت دەهێنایە قسە تا لەمەڕ خۆم بدوێم.

پرسیاری زۆرت دەکرد، تەنانەت مـن چـەند جـار هەسـتم بـە زیانو فریوکارییەك دەکرد، بەڵام بەهۆی هـۆشو زەینـی وشـیاری تۆوە قسەکانمان بە ئاراستەیەکدا دەڕۆیشتن کـە مـن هـەر ئـەوەو، هەر ئەوەندە بڵێم کە تۆ دەتویست بیزانی.

کەســانێکیدیکەش هــەبوون کــە ســەرنجیان بــۆ لای مــن ڕاکێشرابێتو حەزیاندەکرد گوێ لە قسەکانم بگرن، چـونکە مـن

جیاواز بووم‌و تایبه‌تمه‌ند، به‌ڵام بۆ ئه‌وان له‌ سه‌رگه‌رمییه‌ك زیاتر هیچیدی نه‌بووم‌و كاتێ باسێكی خۆشتریان ببیستایه‌، ئه‌وا منیان له‌ بیر ده‌كرد، كه‌چی تۆ توانیت ئه‌و شته‌م لێده‌ربكێشی كه‌ له‌ قووڵایی دڵمدا شاردبوومه‌وه‌.. هه‌ستێك كه‌ به‌ده‌گمه‌ن كه‌سێكیدیم تێیدا به‌شدار ده‌كرد.. ئه‌مه‌ش گه‌لێ باش بوو، هه‌ر به‌مشێوه‌یه‌ش درێژه‌مان دایێ، هه‌ر دۆستی یه‌كدییش ماینه‌وه‌.. ڕۆژێكیان لێت پرسیم: ئایا بۆ سه‌فه‌ری پاریس پاره‌م پێویسته‌؟، تا ئه‌و كاته‌ هیچكاتێك ئه‌و چه‌شنه‌ یارمه‌تییانه‌م له‌ هیچكه‌س قبووڵ نه‌كردبوو، به‌ڵام تۆ له‌و باره‌یه‌وه‌ شتێكت پێگوتم كه‌ هه‌رگیز له‌بیرم ناچێته‌وه‌: " ئه‌م پاره‌یه‌ هیی كه‌س نییه‌، شه‌خسی‌و تایبه‌ت نییه‌، ته‌نیا ئه‌مانه‌تێكه‌ له‌ ده‌ستی ئێمه‌دا، ئه‌م پاره‌یه‌ سامانێكی شه‌خسی‌و تایبه‌ت نییه‌ به‌ڵكوو له‌ ڕاستیدا به‌رپرسیارێتییه‌كه‌و ئێمه‌ ده‌بێ بیگه‌یه‌نینه‌ وه‌رگره‌ ڕاسته‌قینه‌كه‌ی".

كاتێ له‌ پاریس بووم، هه‌رده‌م هه‌ستم به‌ وێنه‌ی تۆو ئیمانی تۆو خۆشه‌ویستیی تۆ ده‌كرد له‌ پاڵ خۆم‌و له‌گه‌ڵ خۆمدا. له‌وێ تێگه‌یشتم كه‌ به‌ جێی ته‌نیا سه‌یر كردن‌و بینینی شار، خۆم ده‌خوێنمه‌وه‌و ئه‌وه‌ی كه‌ په‌یوه‌ندیی ئێمه‌ چۆن ده‌ستیپێكردو چۆن كاری كرده‌ سه‌ر بارودۆخی من.

سه‌ره‌ڕای دووربوونت لێم، له‌ شه‌قام‌و كۆڵان‌و كافتریاكاندا هه‌ست‌و هه‌ناسه‌ت له‌گه‌ڵم بوو، كاتی گه‌ڕانه‌وه‌م هه‌وڵمدا،

یەکەمجار ئەو کاینە شیرینە ببینمەوە کە بە جوانیو بەشیرینی دەمناسی.

دواتر خوازبێنیم لێکردی.. لەو ڕۆژەوە ئیدی تانەو توانجەکانی تۆ دەستیان پێکرد، درێژەشت بەو توانجانە دا، منیش زەجرم دەکێشا، بەڵام هەرکات یەکدیمان دەدیت -لەو سەردەمەدا هەفتەیەك دووجار چاومان بە یەکدی دەکەوت - تۆ دەتگوت: " خەلیل.. وابزانم چوارشەممەی ڕابردوو تۆم ڕەنجاند" یا ڕۆژی هەینی یاخود هەر ڕۆژو کاتێکیدیکەش بوایە دەتگوت:" ببوورە.. نەمدەویست ئازارت بدەم".

ئیتر دەبوویتە شیرینترین کاینی جیهانو من بیرم دەکردەوە: ئەمە هەر ئەو (ماری)یەیە کە من دەمەوێت، کەچی لەگەڵ ئەوەشداو پێش کۆتایی دیدارەکەشمان، هەر وشەیەکی بێ بەزەییانەی دیکەت بە زاردا دەهات!

هیچ قسەیەك لە زمانی منەوەو هیچ کارێك لە لایەن منەوە نەیدەتوانی پێشی تۆ بگرێت، توانجەکانی تۆ دەبارینە سەر منو کەمکەم دەیانکوشتم، دەگەڕامەوە ماڵەوەو بیرم لێدەکردەوە: ئەگەر هەتاو، گەرماو کۆلکەزێڕینەم قبووڵە، دەبێ هەورەتریشقەش تەحەمول بکەم.. تۆفانیش..و بارانیش، هەوڵی خۆم دەدا، بەڵام هەستمدەکرد شتگەلێکی هەرە مەزن لە ناخمدا خەریکن دەمرن.

دواتر، شەوێکیان، کاتێ کە لە (گۆن فارۆن)ەوە دەگەڕاینــەوە.. پێت گوتم: تا ئێستا ئەوەندە پارەت پێداوم کــە بەســت بێــت بــۆ سەفەرێکم بە مەبەســتی دروســتکردنی پانتــاییو ســنوورێك لــە نێوانماندا، کە گەیشتمە ماڵەوە بڕیارمدا ئەو بــڕە پارەیــە پەیــدا بکەمو بۆتی بنێرمەوە، پارەکەم بە قەرز وەرگرتو بۆ ئەوەی پێتــی بدەمــەوە هــاتم بــۆ ماڵەکــەت، تــۆ لــە مــاڵ نــەبووی، ســەفەری (بۆستۆن)ت کردبوو، مــن گەڕامــەوە ماڵــەوە، دیــتم نامەیــەکی جوانی تۆ گەیشتووەو چاوەڕێم دەکــات، ئیــدی ئــەو قــسە تونــدو ڕەقانەم لە بیری خۆم بردنەوە.

کێشەیەکی دیکە ڕووی تێکردین.. کاتێ لە ژوورەکەتدا پێکەوە قسەماندەکرد براکەت خۆی کرد بە ماڵدا، هەستمکرد حەزی بــە هــەبوونی مــن لەوێــدا نــەکردووە، کەمکــەم ئیــدی هەســتم بــە نائاسوودەیی دەکرد، دوو ڕۆژ دواتر، هێشتا لەو پێشهاتە نارەحەت بوویــتو هەســتمکرد براکــەت، زۆرتــر مــن بــە بێگانەیــەکی هەلپەرست دەزانێ کە دەیەوێت لەو پەیوەندییە کەڵکی پێچەوانە وەربگرێت لە بواری مادیو کۆمەڵایەتیشەوە.

ئەمــەش تــا ڕادەیــەك منــی شــکاندەوەو دایڕووخانــدم، بــەڵام دیسانەوە دیدارەکانمان دەستیپێکردەوەو سیحری زمانو ڕەفتاری تۆ وایلێکردم دووبارە بڕوا بەوە بکەم کە ئەو هەڵــسوکەوتە نەشــیاوو نەخوازەیەی براکەت هیچ نەبووە جگە لە وەهمێــك یــا خــەونێکی

ئاڵۆز. لەگەڵ ئەوەشدا شتێك لــە دەروونمــدا گۆڕابــووو ســەرەوژێر ببوو، چوونكە ڕۆحم نەیدەتوانی بۆ تاهەتایە لەبەرانبەر ئەو تانــەو توانجو زەخمگەلەدا خۆی ڕابگرێت، هاتمە سەر ئــەو بڕوایــەی كــە: دەبێ خۆم بپارێزم.. سۆزم بەخۆم دا كە: ئیدی هەر پەیوەندییــەكی نزیكتر لەگەڵ ئەم ژنەدا، دەبێ بۆ من مەحاڵ بێت. ئاشكرایە كــە ئەم ڕاوێژو تەگبیرەم سەری نەگرت، تەنانەت ئەوكاتەش كــە باســم بۆكردیو پێمگوتی چیم بەسەر هــاتووە.. بــەڵام لەوكاتــەوە ئیــدی هیچكات توانجت لێنەگرتم.

هەموو ئەمانە بۆ ئەوە دەڵێم تا بزانی كە ساڵەكانی سەرەتایی ئاشنایەتیمانم چۆن دیتوون؟!

هاوكێشە قووڵەكان هیچكات نەگۆڕان: ئەو پێكــەوە گونجــانو لێكچوونەمان.. ئەو ناسینە سەرەتاییە.. شەوقی یەكەمین دیــدار.. ئەمانە هەموویان درێژەیان هەبووەو بۆ تاهەتایەش هەر دەیانبــێ، من تۆم بۆ هەمیشە خۆشدەوێ، ئێستە گــەلێ زۆرتــر لــە دیــداری یەكەمان خۆشمدەوێیو بەمەش دەڵێن (چارەنووس).

هیچ شتێك ناتوانێ ئێمە لێكدی جیا بكاتــەوە، نــە مــنو نــە تۆش هیچكامان ناتوانین ئــەم پەیوەندییــە بگــۆڕین. دەمــەوێ تــا دوایین هەناسە ئەوەت لە بیر بێت كە تــۆ لــە جیهــانی منــدا زۆر بەرزو بەڕێزی، بە ڕادەیەك كە ئەگەر تەنانەت حەوت جار لەگــەڵ حەوت پیاوی جیاجیاشدا زەماوەند بكــەی (شــوویان پێبكــەیت)،

هێشتاش هەر هەموو شت لە دڵی مندا هەروەکوو جاران درێـژەی دەبێتو دەمێنێتەوە.

ئەمڕۆ بە جوانی لەوەش تێدەگەم کـە هاوسـەرێتیی ئێمـە بـە ڕاستی نامومیکنو نەلواو بـوو، هـەردووکمانی نـابووت دەکـرد. ژیانی هاوبەشی ئێمە بە شێوەیەکی جیاواز بەڕێوەچوو،و ڕزگـاریو ئاسوودەیی ئێمەش هەر لەوەدا بوو.

تۆ یاریدەی منت دا کە خۆمو کاری خۆم بناسمەوە، وای بۆ دەچم کە منیش هەمان کاریگەریم لە سەر تـۆ هـەبووبێت،و هـەر بـە بۆنەی ئەم پێکەوە بوونەشمان سوپاسی خواوەند دەکەم.

خەلیل جبران

(٢)

بەنی دڵەکەم، ماری، باوکمم لە دەسدا، هەرلەو خانووە کۆنەدا مرد کە ٦٥ ساڵ پێشتر تێیدا هـاتبووە دنیـا. هاوڕێکـانی بۆیـان نووسیم: پێش ئەوەی چاوەکانی بۆ تاهەتایە لێـك بنـێ، گـەردنی ئازاد کردبووم. دڵنیام ئێستاکە باوکم لـە ئـامێزی پـەروەردگاردا دەحەوێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا ناتوانم خەمو پەژارەی لە دەسـتدانی، لە ناخی خۆمدا بڕەوێنمەوە، وا هەستدەکەم دەستی مردوو بەسـەر سـەرمەوەیە.. بـیر لـە دایکـمو خوشـکە بـچووکەکەمو براکەشـم دەکەمەوە، ئەوانیش ئیدی نـەماون تـا بـەدەم تیـشکی هـەتاوەوە پێبکـەنن: لـە کـوێن؟، ئایـا لـەو شـوێنە نەناسـراوەدا دەتـوانن

جارێکیدی هەتاو ببینن؟، ئایا دەتوانن - وەکوو ئێمە- ڕابردوو بهێننەوە یادی خۆیان؟

چ پرسیارێکی گەمژانەیە، چاك دەزانم ئەوان لە ئاسمانەکاندا دەژین، شوێنێك کە لە ئێمە نزیکترە بە خواوەند. ئیدی ئەو حەوت پەردەیەی - کە لە نێوان مرۆڤو ئەقڵدا کێشراوە - نابێتە پەردەی بەرچاوی ئەوان و، ئازیزەکانم ئیدی ناچار نابن لە گەڵ هەقیقەتدا یاریی مشكو پشیلە ئاسایی بکەن، سەرەڕای هەموو ئەمانەش هەر خەمگینو حەسرەتمەندم!

تۆ تاقە دڵخۆشیی منیت، گەرچی لەو پەڕی جیهانیشەوە..

لەشوێنێکی دووردووری وەکوو (هاوایی)دایت، ڕۆژەکانی ئێوە بەرامبەرە لەگەڵ شەوی ئێرە (پاریس)دا، سەرەڕای ئەو دوورییەش کاتێ بە ڕێگادا دەڕۆم تۆ لە گەڵمی، کاتی ئیشکردنم تۆ قسەم لەگەڵ دەکەیت، ئەوکاتانەی کە هەست بە تەنیاییو خەمو پەژارە دەکەم، تۆ لە پاڵ خۆمدا دەبینمەوەو ئاسوودە دەبم.. ساتگەلێك هەن کە دەزانین لە نێوان ئێمەو ئەوانەی خۆشماندەوێن هیچ سنوورو جیاییو بەربەستێك بوونی نییە.

٢٣/حوزەیران/١٩٠٩

(٣)

ئەو کاتانەی کە لە شارێکی گەورەدامو بێگانەم، حەز دەکەم لە ژوورە جۆربەجۆرو جیاوازەکاندا بنووم، لە شوێنە جیاوازو

جۆربەجۆرەکاندا نان بخۆم، لە شـەقامە غـەریبو نەناسـراوەکاندا پیاسە بکەمو چاو ببڕمە هاتوچۆی خەڵکانی غـەریبو نەناسـراو. ڕێبواری تەنیایی بوونم خۆشدەوێت.

١٦/مایس/١٩١١

(٤)

ماری.. بەنی دڵەکەم ماری، یەك ڕۆژی تـەواو، لـە بەیانییـەوە کارم کردووە، بەڵام نەمتوانی پێش ئەوەی (شەوت شاد)ت پێبڵـێم بڕۆمە ناو جێگاکەم.

دوایین نامەی تـۆ یەکپارچـە گـڕە.. ئەسـپێکی باڵـدارەو مـن دەخاتە پشتی خۆیو دەمفڕێنێ بۆ دوورگەیـەك، دوورگەیـەك کـە تەنیا گۆرانییە غەریبـەکانی دەبیـستم.. بـەڵام ڕۆژێـك دادێ کـە بیناسمەوە.

ڕۆژەکانم پڕن لەم خەیاڵو دەنـگو سـێبەرانەو ئـاگرێکیش لـە دڵمداو لەناو دەستەکانمدایە، ئەم هێزەش دەبێ سەرتاسەر بۆ من.. بۆ تۆ..و بۆ ئەوانەی کە خۆشماندەوێن بگۆڕدرێ بۆ خێرو چاکە.

ئایـا تـۆ ئـەوە دەناسـییەوە کـە لـە ئـاگردانێکی گـەورەدا دەسـووتێتو دەتوێتـەوە؟و ئایـا دەزانـی کـە ئـەو گـڕە هـەموو (بوون)ێکی ناپاك دەکاتە خۆڵـەمێشو تـەنیا شـتێك لـە ڕۆحـدا دەهێڵێتەوە کە ئەویش پاکیو ڕاستییە؟

ئا..ی، هیچ شتێك لەم ئاگرە پڕ بەرەکەتتر نییە.

٣١/تشرینی یەکەم/١٩١١

## (٥)

گۆرانییەکی کۆنی عەرەبی هەیە ئاوا دەسپێدەکات: " تەنیا خواوەندو خودی من ئاگاداری ئەو شتەین کە لە دڵمدایە "، ئەمرۆ پاش خوێندنەوەی نووسینەکەی تۆ دەتوانم ئەم بڕگەیە بەو گۆرانییە زیاد بکەم: " تەنیا خواوەندو منو ماری ئاگامان لەو شتەیەکەلەدڵی مندایە"

حەز دەکەم سنگم هەڵدڕم.. دڵم بهێنمەدەرو بیگرمە دەستمەوە تا هەموان بتوانن بیبینن، چوونکە ئەوکەسەی کە خۆی بۆ (خود)ی خۆی ئاشکرا دەکات ئارەزوویەکی نییە قووڵتر لەوەی کە دیتران بیناسنو دەرکی بکەن. ئێمە هەمووماں تامەزرۆی دیتنی ئەو تیشکەین کە لە پشتەوەی دەرگاکەوەیە، حەز دەکەین ئەم تیشکە بڕژێتە ناو ژوورەکەو بێتە پێش چاوو نیگای هەمووماں.

دەبێ یەکەمین شاعیری جیهان زۆری جەور کێشابێ، ئەوکاتەی تیروکەوانەکەی خستۆتە لاوەو هەوڵیداوە ئەوشتە بۆ هاوڕێکانی وەسف بکات کە خۆی لە کاتی خۆرنشیندا هەستی پێکردووە، دیاریشە کە هاوڕێکانی گاڵتەیان بە قسەکانی هاتووە بەڵام ئەو هەر لەسەری ڕۆیشتووە، چوونکە هونەری ڕاستەقینە خوازیاری ئەوەیە کە هونەرمەند هەوڵی ئاشکراکردنو دەرخستنی بدات. هیچکەس ناتوانێ بە تەنێ چێژ لەو جوانییە بەرێت کە پەی پێ بردووە، هەر ئەوەشە کە ژیان بۆ ئێمە (منو تۆ) کە عەودالی

(موتلّەق)ین‌و بۆ دوورەپـەرێزیی رەهـای خۆمـان باغێـك بنیـات دەنێین، شۆروشەوقێکی قووڵ قووڵ دروست دەکات تا بـە هـەموو گیان‌و ناخمانەوە لە چرکە بەچرکەو سـات بەسـاتی ژیانمـان چـێژ بەرین.

١٠/تشرینی دووەم/١٩١١

(٦)

بـەنی دڵەکـەم، مـاری، بەڕاسـتی ڕۆژی ڕەحمـەتی خواوەنـدی دەرکەوتووە، چوونکە تۆ دێیتە ئێرە، ئەم ماڵە، دەمویست بە خـۆم داوەتت بکەم بەڵام تەنانەت لە تاریکایی خەیاڵیشمدا لە بیستنی وشەی (نا) دەترسام، بۆیە لە (شارلۆت) پاڕامەوە ئەو ئەرکەم بـۆ بکێـشێت، ئـەویش پێیگـوتم کـە تـۆ ئامـادەی ببیتـە میـوانم، هەربۆیەش لەم چـەند رۆژەدا تـەنیا کـارم ئـەوەبووە کـە وەزعـی ناوماڵەکەم رێکوپێك بکەم‌و بیڕازێنمەوە، جگە لەوەش.. دەبێ بڵێم: هەموو شتە عەنتیکەکانی ناو دڵ‌و زەین‌و رۆحـی خـۆشم خـاوێن کردوونەتەوەو لـەژێر ئـەو سـێبەرە چـڕە کۆنانـەدا دەرمهێنـاون‌و رزگارم کردوون کە ئیدی نەدەبوو ببنە مەئواو مەنزڵگایان.

رەنگە ئـەو دووری‌و فیراقـەی کـە لـەم چـەند رۆژەدا ناچـارین تەحەمولی بکـەین، خـۆی لەخۆیـدا بەسـوود بێـت.. شـتە هـەرە گەورەکان تەنیا لە دوورەوە دەبینرێن.

٢٦/تشرینی دووەم/١٩١١

## (٧)

ئەمڕۆ دڵـم ئـارامو ئاسـوودەیە، شـادیو هێمنییـەك جێگـای نیگەرانیو دڵەڕاوكێ هەمیشەییەكانمی گرتۆتـەوە، دوێنـی شـەو خەونم بە (عیسا)وە بینی: هەمان روخساری پڕ بەزەیی.. ئەو چـاوە رەشو درشتانەی كە دەڵێی شـۆڵەیان كێـشاوەو دەدرەوشـێنەوە..و دەیانبڕێتە پێشەوەو بەرامبەری خۆی، قاچە تۆزاوییەكانی.. نەعلـە دڕاوەكانی.. حوزووری هەرە بەهێزی رۆحی، لە گەڵ ئاسوودەیی ئەو كەسانەدا كـە دەتـواننو دەزانـن چـۆن راسـتو دروسـت سـەیری (زیندەگی) بكەن، باڵ بەسەر هـەموو شـوێنو هـەموو شـتێكدا دەكێشێ.

ئا..ی ماریی ئازیزم، بۆچی ناتوانم هـەموو شـەوێك خـەون بـە عیساوە ببینم؟ بۆچی ناتوانم بەو ئاسوودەییەوە بڕوانمە ژیانی خـۆم كە ئەو دەتوانێ لە خەونێكدا پێم ببەخشێت؟ بۆچـی نـاتوانم لـەم گۆی زەوییەدا هیچكەسێك بدۆزمەوە كە بتوانێ وەكوو ئەو هێنـدە سادەو ساكارو دڵنەرمو میهرەبان بێت؟.

٧/شوبات/١٩١٢

(٨)

ماری، ماریی خۆشەویستم، تـوو خـوا چـۆن دەتـوانی وا بـیر بکەیتەوە کە گوایە من لە تۆوە زۆرتر ڕەنجم دیتووە تا شادی؟ هۆی ئەو چەشنە بیرکردنەوەیەت لە چییە؟

هیچکەس بەدروستی نازانێ سـنووری نێـوان دەردو دڵخۆشـی کامەیە.. زۆرجار وا بیری لێدەکەمەوە کە جیا کردنەوەیان مەحاڵە.

ماری گیان، تۆ ئەوەندە شادیم پێدەبەخشی کە دەمگریـەنێتو ئەوەندەش زەجرم دەدەی کە دەمخاتە پێکەنین.

١٠/ئادار/١٩٢٢

(٩)

خەیاڵ، هەقیقەتی رەها دەبینێ — لەو شـوێنەی کـە ڕابـردوو، ئێستاو ئایەندە پێکدەگەن... خەیاڵ نە لـە راسـتیی نەرواڵەتیـدا سنووردار دەکرێتو نە لە شوێنێکیش، لە هـەموو جێیـەك دەژی، لە ناوەندو کرۆکدایەو ئاگاداری لەرینەوەی سەرجەم ئەو بازنانەیـە کە رۆژهەڵاتو رۆژئاواش بە شـێوەیەکی مـەجازی لـە نێوانیانـدا جێـدەگرن، خـەیاڵ.. (حـەیات)ی ئـازادیی زیهنـە، لایەنـە جۆربەجۆرەکانی هەموو شتێك پێکەوە گرێدەدات... خـەیاڵ بـەرەو بەرزبوونەوەو کامڵبوون ناڕوات، نامانەوێ بەرەو کامڵبوون بڕوات، تەنیا دەمانەوێ وشیارترو ئاگاتر بێت.

حەزدەکەم سەرتاسەری ئەو ژیانە بژیم کە لە مندایەو کۆتایی هەموو چرکەیەکیشی دەرك بکەمو بیناسم.

ماری گیان، تێگەیشتم کە هەموو ئەو گیروگرفتەی لەڕێی تۆو بەهۆی تۆوە تووشم هات، هەرتەنها بەهۆی بچووکیو ترسێکی بچووکانەی ناوەوەی خۆم بووەو بەس.

٧/حوزەیران/١٠١٢

(١٠)

ماری گیان، چی لە تۆفاندایە کە ئاوەها من دەهەژێنێ؟ بۆچی لەکاتی تۆفاندا گەلێ باشترو بەهێزترو گەلێ لە ژیان دڵنیاترم؟ نازانم، کەچی هێشتاش تۆفانم گەلێ زۆرتر.. زۆرتر لە هەموو شتێکی دیکەی سروشت خۆشدەوێ.

١٤/ئاب/١٩١٢

(١١)

ماری گیان، سەرسووڕهێنەرترین شت ئەوەیە کە منو تۆ، هەمیشە، لەسەرزەوییەکدا پیاسە دەکەین کە بۆ دیتران نەناسراوە، هەردووکمان دەستەکانمان هەڵدەبڕین تا بەشی خۆمان لە ژیان وەربگرین، ژیانیش بەڕاستی بەخشندەو دلۆڤانە.

٢٢/تشرینی یەکەم/١٩١٢

**(١٢)**

مرۆڤ دەتوانێ ئازاد بێت بە بێ ئەوەی مەزن بێت، بەڵام هیچ مرۆڤێك ناتوانێ گەورە بێت بەبێ ئەوەی ئازاد بێت.

١٦/مایس/١٩١٣

**(١٣)**

بۆچی ئەوەندە هەوڵدەدەی هەموو ئەوشتانە شیکار بکەیت کە پێمیان دەڵێی؟ دڵی من دەتوانێ لە ئاڵۆزترین چەمکی ئاشقانەش تێبگات.. ئایا متمانەت بە دەرکی من نییە؟ تکادەکەم.. تکادەکم وا بیر مەکەوە کە کەسێکی ئاشق بە ئاسانی دەڕەنجێت، چەقۆیەکی پۆلایین دەتوانێ گۆشتی من لەتلەت بکات بەڵام چەقۆیەکی نەرمی مۆمی نا.. هەرگیز.

وشەو هەڵسوکەوتە توورەو تۆسنەکان زۆر بە ئاستەم دەبنە هۆی خۆپارێزیی من لە هەمبەر هەستەکانم سەبارەت بە تۆ.

هەموو شتێکی ساکارو رواڵەتی لە دیالۆگەکانی ئێمەدا سەرەنجام، خۆبەخۆ لەنێو دەچێ. قبووڵ بکە، تێبگە، جبران خەلیل ئەو (بی)یە نییە کە بەو (با)یە بهەژێ! تەنیا نیوەم لێرەیە لەبۆستۆن.. حەزدەکەم سواری شەمەندەفەری نیۆیۆرك ببمو بێم بە چاوی خۆم بتبینم. تۆ هیچ نیازێکت بە قسەکردنو تەنانەت بە پێکەنینیش نییە، ژیان لە پاڵ تۆدا واملێدەکات هەست بەوە بکەم کە مرۆڤێکی کاملم.

٣٠/تشرینی یەکەم/١٩١٣

(١٤)

زۆرجار وا هەستدەکەم کە بەسەر کێوێکەوەم لـە تۆفـانخێزترین (نەك ساردترین) سەرزەویی ئەم جیهانـەدا، ئایـا ئـاوا جێگایـەك بوونی هەیە؟ گـەر هـەیبێت، ئـەوا رۆژێـك دەچـمە ئـەوێو دڵـم دەگۆڕمو دەیکەمە وێنەو شیعر.

١/ئادار/١٩١٤

(١٥)

مـــاریی خۆشەویـــستم، ماوەیـــەکی دوورودرێـــژە بێـــدەنگم، ئێشدەکەم.. زۆر دەنووم‌و هەستدەکەم ئەوهەموو کارەش وەکوو خەو حەزی قسەکردنم لێدەگرێتەوە.

ماری گیـان، سـاڵ دوای سـاڵ، ئـەو تەریکییـەی نـاو دەروونم بەهێزێکی زۆرترەوە خۆی دەنوێنێ. ژیان سەیرکردنی ئەبەدییەتـە، سەیرکردنی سـەرجەم ئـەو دەرك‌و توانایـەی کـە ئەشـق دەتوانـێ فێرمان بکات، سەرەڕای ئەوەش دەبینین کە خـەڵك لەبەرامبـەری ئەم هەقیقەتە ساکارەدا ئاوا بچووك‌و کەمبایـەخ دەنـوێنن‌و هـەر ئەمەشە کە من لەوان دوور دەخاتەوە.

ژیـان بەخـشندەو دڵاوایـەو مـرۆڤ بەرچـاوتەنگ، دەڵێـی خەرەندێکی گەورە کەوتۆتە نێوان ژیان‌و مرۆڤەوە —و بۆ پەڕینەوە لەو خەرەندە — دلێری‌و بوێریی دۆزینەوەو ناسینی رۆحی (خـود)و گۆڕینی ئاراستەکەی پێویستە، ئایا حەسرەت هەمان سزایە؟

لێرە، لە نیۆیۆرك، هەر خەڵكانی سادەو خوێندەوارو بەئـەدەب دەبینم، ئەمانە لە نێوان فیردەوس‌و دۆزەخدا، لەنێوان (هــەموو)و (هــیچ)دا لەجموجووڵــدان كەچــی پێدەچــێ ئــەوەیان بــە جیــدی وەرنەگرتبێ بۆیە هەروا بەچاكی دەژین‌و كاتی دیتنی كەسێكیدی، بەڕوویدا پێدەكەنن.

٥/نیسان/١٩١٤

(١٦)

بەرەكەتی ئەو یەكشەمەیەی كە پێكەوە بــووین هێــشتاش لــە ڕۆحمدایــە، هــەزارجار بــەو چــەند كاتــژمێرەدا چــوومەتەوە كــە شانبەشانی یەكدی پێكەوە بووین، بــەبێ وەســتان ئــەو وشــەگەلە دووبارە دەكەمەوە كە تۆ پێت دەگوتم، لەگەڵ هەرجارێكیش دەڵێی باشتر دەركیان دەكەم.

كاتێ دەنگی تۆ دەبیستم، نەرمی‌و هەقیقەتی ژیان لەبەرچــاوم ئاشــكرا دەبێــت، هــەرجارێك دەم دەكەمــەوە بــۆ وەڵامدانەوەیــەك، بەچەشنێكی سەیرسەیر خۆم ڕۆشن‌و دڵنیا دەبینمەوە.

تۆ دەتوانی وا بكەیت كە من، دەســت بخەمــە ســەر بەشــێكی ڕۆشنترو درەوشاوەتری بوونی خۆم.

٣/مایس/١٩١٤

**(١٧)**

حەزدەکەم ماوەیەکی زۆر لە بیاباندا پیاسە بکەم. ماری گیان، بیری لێبکەوە کە لە ڕۆژێکی خۆشو گەرمدا لەدەرەوەی شار پیاسە بکەینو - لەناکاو - دروست لەناوەڕاستی جادەکەدا گرفتاری تۆفانێك ببین! چ مۆجیزەیەك! ئایا هەستێك هەیە لەوە سەرسووڕهێنەرتر کە ببینین توخمەکان بەو جموجوڵەیان لە ئاسماندا وزەو ژیان دروست دەکەن؟ با چواردیواریی ژوورەکەی خۆمان جێ بهێڵین ماری، با بڕۆینە شوێنە دوورەدەستەکانو تۆزێ پێکەوە قسە بکەین.

تەنیا کاتێك دەتوانم لە شتێك تێبگەم کە بۆ تۆی دەگێڕمەوە، ئەمەم پێشتریش گوتووەو هەمیشەش دووپاتی دەکەمەوە.

٢٤/مایس/١٩١٤

**(١٨)**

تۆ، تواناو شانسی دەرکو ناسینت هەیە ماریی خۆشەویستم، تۆ هەروەکوو ڕۆحێکی مەزنو پیرۆزیت کە لە مرۆڤ نزیك دەبێتەوە، ئەویش نەك هەربۆ دابەشکردنی ڕۆژەکانی خۆی لەگەڵ ئەودا، بەڵکوو بۆ کارو مەبەستێکی گەورەو فراوانتر.

لەوکاتەوە لەم هاوکێشەیە تێگەیشتووم، مۆجیزەی ئەم بەخششەی تۆ شەوو ڕۆژەکانمی بەرەو کامڵبوون گۆڕیوە. هەمیشە وام بیر دەکردەوە کە ئەگەر کەسێك لێمە تێبگاتو دەرکمان

بکات، ئەو تێگەیشتنە، دەبێتە هۆی کۆیلایەتیمان – دەبێ لەبەر هەمان دەرك پێکردنمان هەمووشتێك قەبووڵ بکەین – لە حاڵێکدا ئەو دەرك کردنەی تۆ، ئاشتیو ئازادییەکی پێبەخشیوم گەلێ قووڵترو مەزنتر لەوەی تا ئێستا تەجروبەم کردووە. لەو دوو کاتژمێرەی سەرەتای دیدارەکەماندا، تۆ خاڵێکی تاریکت لە دڵی مندا کەشفکرد، لە سینگمدا هێناتە دەرەوە، دەستت لێداو ئیدی بۆ هەمیشە ون بووو ئەو کۆتەش شکا کە منی بەند دەکرد. خواوەند رزگارو کامەرانت بکات.

٨/ئاب/١٩١٤

(١٩)

پێمت گوت: " گەلێ جوانی لە تۆدا دەبینم چوونکە دەتوانی ئازار بچێژی" ماریی ئازیزم، نامەکەی تۆ پەیامێکی دیکەی هەرە گرینگی بۆ من تێدا بوو.

هیوادارم رۆژەکانی تەنیاییت لە کوێستانو دوور کەوتنەوەو دابڕانت لەهەر شتێك کە راستەقینە نییە، دڵگیر بنو بتوانی ساکارو راستو دروست بژی.

لەهەرحاڵێکدا منیش لەوێمو هیوادارم ئەم هاوکێشەیە بۆ تۆش هەروەکوو من راستەقینە بێت.

لە بێدەنگیدا پیاسەم کردووە.. نوقمی ئەندێشە بوومو گەلێ شتی نوێ لە رۆحمدا سەریان هەڵداوە، حەزدەکەم بتوانم شکڵیان

**پێبدەمو وێنایان بکەم کەچی دەستەکانم توانای هاوڕێیەتیی خەیاڵەکانمیان نییە.**

**بەنی دڵەکەم، ماری، بەوە رازیم کە بتوانم بیر لەوە بکەمەوە کە ئێمە هەردووکمان دەتوانین ئەم جیهانە تێپەڕێنینو بگەینە جیهانێکی راستەقینە... جیهانێك، بتوانین تێیدا بە ئاسوودەیی بژین، جێگایەکی وا کە من هەمیشە ئاواتم بۆ خواستووە.**

**شەوێکی دڵگیرە ماریی ئازیزم.. خواوەند کامەرانت بکات.**

۲۲/ئاب/۱۹۱٤

**(۲۰)**

**یەك هەفتەیە لەم شارە غەریبەی (بۆستۆن)دام. هەرچی دەکەم ناتوانم کار بکەم یا تەنانەت بیریش بکەمەوە، درێژە بە هاتوچۆو هەڵسوکەوتی خۆم دەدەم لەگەڵ ئەم خەڵکە خوێندەوارەدا بەڵام لەڕاستیدا منو ئەوان شتی هاوبەشمان نییە یانخود زۆر زۆر کەمە.**

**ماری گیان، پێدەچێ تووشی بەڵایەك بوویم... خەڵك دەبینمو دەشزانم کە سرشتیان پاکە، کەچی کاتێ لەگەڵیاندام، بێ سەبرییەکی ئەهریمەنیو حەزێکی غەریبم تێدایە بۆ ئازاردانیان. کاتێ ئەوان قسە دەکەن، بیرو هۆشی من هەوڵدەدا لێیان جیا ببێتەوەو بەرەو سەرزەوییە دووردەستەکان بفڕێ، هەروەکوو باڵندەیەك کە بەنێکی هەرە درێژ بە قاچەکانیەوە بەسترابێتەوە. پاشان دەکەومە بیری هاوڵاتییەکانم لە سووریاو تێدەگەم کە ئەوان**

کەمتر ئازاریان دەدام، ئەویش لەبەر ئەوەیە کە ئەوان خەڵکانێکی سادەن‌و تێناکۆشن خۆیان سەرنجڕاکێش بنوێنن.

ئەوکەسانەی کەبە زۆر هەوڵدەدەن سەرنجڕاکێش بن، پتر لەجاران ناحەزترو نەفرەتبارتر دەبن.

٧/ئاب/١٩١٤

(٢١)

ئەم جەنگەی کە سەرتاسەری ئەورووپای گرتۆتەوە، هەرهەموو دانیشتوانی جیهانی خستۆتە گێژاوەوە، تەنانەت من‌و تۆش بەدەر لە خواست‌و ئیرادەی خۆمان لەم شەڕەداین‌و دەجەنگێین. مرۆڤ بەشێکە لە سرووشت.. هەموو ساڵێك توخمەکانی ئەم سرووشتە لەگەڵ یەکدیدا بەشەڕ دێن: زستان لەگەڵ هێزەکانی بەهاردا دەجەنگێت‌و ئەمەش هەر وەکوو شەڕی نێوان مرۆڤەکان وێرانگەرە. ئێمەش دەبێ ئەم قۆناغە ببڕین‌و زۆرجار لە زۆر بواردا بۆ شتێك بمرین کە بەتەواوەتیش نایناسین.

ئەوانەی کە بۆ ئاشتییەکی هەتایی دەجەنگن وەکوو ئەو شاعیرە گەنجانەن کە نایانەوێت بەهار هیچکات کۆتایی پێبێت.

مرۆڤ دەبێ فێری ئەوە ببێ کە چۆن لەپێناو خواست‌و ئارمانجەکانی خۆیدا بجەنگێت، چوونکە ئەوەش بەشێکە لە ئەمانەتی پەروەردگار لەم گۆی زەوییەدا.

هیچکەس بۆ هاتنی زستان ناگری، هەرواش کەس سەما ناکات بۆ ئەو کاتەی کە بەهار پیشانگای گوڵەکانی لەو دەشتودەرەدا دەکاتەوە.

ئەمانە خەڵکانێکن کە شەوە ساردەکانیان لە شەوانی گەرمی هاوین پێخۆشترە، ئایا سزاوارە بەم خەڵکە بڵێین: ئێوە دڵتان نییە.. دەبینن سەرما سرووشت وێران دەکاتو ناشگرین.. کە شکۆو جوانیی هاوین مردووە کەچی ئێوە کەمتەرخەمو بێ موباڵات ماونەتەوە؟!

ماری گیان، بۆ ئەمەش جەنگێکی ئەبەدی لە ئارادایە، بەڵام لەهەر حاڵەتێکدا هیچ شتێك نییە بتوانێ جەنگ بۆ مردن هەڵگیرسێنێ، هەموو ئەو شتەی کە لەم گۆی زەوییەدا روودەدات، جەنگێکە بۆ ژیان.

٧/ئاب/١٩١٤

(٢٢)

لە نامەکەتدا پێمدەڵێی: " خوا بتپارێزێتو لەگەڵت بێت.. هەرئەندازە تۆ ماندووتر بی ئەو لێت نزیکترە".

لە ئەمڕۆ بەیانییەوە نامەکان بەناونیشانی پیشانگایەکەم دەگەنە دەستم: بۆ تابلۆکەی (وێنەی مەزن) نرخی ٢٥٠٠ دۆلاری ئەمریکییان پێشنیار کردووە، بیرم لەوە نەدەکردەوە کەسێك بێتو شتێك لە هونەرمەندێکی نەناسراو بکڕێت، کەچی ئەمڕۆ خاتوو

(ویڵسن) هاته ئێرەو گوتی بەنیازە تابلۆیەکم لێبکڕێت. پێتوانییە کە ئەم تابلۆیە بەشێك بێت لەو شتە زۆرانەی کە دەبێ ئێمە دەستیان لێهەڵگرین تا بڕۆنو بگەنە شوێنە دوورەکانیدی؟

ئەم تابلۆگەلە ئیدی بەشێك نین لە ژیانی من، کاتێ کارم بەسەرەوە دەکردن زۆر شت فێر بووم.. هێشتاش هەر ئەگەر بهێڵم ڕێگای خۆیان بگرنەبەر زۆرتریان لێ فێر دەبمو زۆرتر تێدەگەم.

٦/کانوونی یەکەم/١٩١٤

**(٢٣)**

ماری گیان.. شتێك لە مێشکتدایە؟.. لەوەدەچێ شتێك هەبێتو تۆ نەتوانی چارەسەری بکەیت. ئەم هاوکێشەیە – حەزی جنسی – ئێستاو هیچکاتێکیدیکەش شیکار ناکرێت. ئێمە هەموو شتێکی زەرەرۆمەند قەبووڵ دەکەین چوونکە هیچ ڕێگەچارەیەکیدیکەمان نییە، ئەوە نەبێ کە قایل بین بەوەی کە ئەو هەلومەرجانە راستەقینەنو لەملاشەوە لە دەسچوونی ئازادیی ئێمە درۆیە.

ئەو شەوە.. دوای رۆیشتنت، بەدرێژایی شەو بۆت گریام.

سەیرە.. بە ئاسانی رازی دەبین کە ئەوشتەی بەشێك لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان دروست دەکات، لە تەکماندا رابووریێتو بڕوات.

ناتوانم بە بیر خۆمی بهێنمەوە.. ئایا ئـەوەی کـە هاتـە پـێش، رووداو بوو؟ ئەگەر زۆر هەستیارو ئیحساسی نـەبین دەتـوانین ئـەو رووداوە فەرامۆش بکەین، بەڵام ئەشق – ئەشقی راستەقینە – لە بەرامبەر حەزی جنسیدا زۆر شـەرمن‌و کـەمڕووە، بـیر لـەو شـتە دەکەمــەوە کـە لــە مــاوەی ئـەو دە رۆژەدا ڕوویـدا، چـوونکە زۆر گرینگ‌و بنەڕەتی بوو، هەروەکوو چۆن لە ژیانی هەموو کەسێکدا گرینگە.

هاتمە سەر ئەو بڕوایە کە من‌و تۆ ئیدی نابێ لەم بارەیەوە باس بکـەین، چـوونکە بـۆ دەربڕینــی هــەموو هەســتەکانی خۆمــان سەربەست نیین.

٢٨/کانونی یەکەم/١٩١٤

**(٢٤)**

لە ماوەی ئـەم سـێ هەفتەیـەدا زۆر نووسـتووم، بیریـشم لـەو هەزاران کارە کردۆتەوە کە دەبێ ئەمساڵ ئەنجامیان بـدەم. مــاریی ئازیزم، لەوە دەترسم کە هەرگیز نـەتوانم خەونـەکانم بهێنمـە دی‌و بگەم بـە ئامانجـەکانم، پـێش وەدیهاتنیـان لـە جووڵـە دەکـەوم، هەمیشە هەرتەنها دەگەمە سـێبەرێك لەوشـتەی کـە دەمـەوێت پێیبگەم.

راهاتووم بەوەی دیتنی ئەوانەی کارەکانم دەنرخێنن‌و ستایـشیان دەکەن چێژمەندم بکات، کەچی ئێستا هـەمان ئـەم کـارە زویـرو

خەمبارم دەکات، چونکە هەر ستایشێك دەمخاتەوە بیری ئەو کارەی کە هێشتا ئەنجامم نەداوە، لەملاشەوە حەز دەکەم ئەوەی کە ئەنجامم نەداوە هەر لەبیرم بێت، دەزانم مندالآنەیە.. وا نییە؟.

دوێنێ شەو بە خۆمگوت: (شعوور)ی پنچە گیایەك، لە ناوەڕاستی زستاندا، لە هاوینی رابردووەوە سەرچاوە ناگرێت بەڵکوو لە بەهارێکەوەیە کە خەریکە دەگاتێ. گیا، بیر لەو رۆژانەی رابردوو ناکاتەوە بەڵکوو لە بیری ئەو رۆژانەدایە کە دادێن، کەواتە.. ئەگەر گژوگیا لەهاتنی بەهار دڵنیان، ئەی بۆچی ئێمەی مرۆڤ بڕوامان بەوە نەبێت کە رۆژێك دادێ بتوانین بگەین بەو شتانەی کە دەمانەوێن؟.

٢٨/کانی دووەم/١٩١٥

**(٢٥)**

بەنی دڵەکەم، ماریێ، رەنگە دەرك بەم بێدەنگییەم نەکەیت، بەڵام من وا هەستدەکەم کە تۆش بێدەنگی. ئەم رۆژانەی بێدەنگیی من رۆژانی بێدەنگیی تۆیشن.

بزانە.. تێبگە کە بەبێ تۆ ئەنجامدانی هەرچەشنە کارێك بەلامەوە ئاستەمە، من موحتاجی رۆحی تۆم لە ژیانی رۆژانەی خۆمدا.

لە یەکێك لەم رۆژە ساردانەو لە ژوورێکی بێ سۆبەدا چاوم بە (رایدەر) کەوت، هەموو شتێك لە دەوروبەریدا پیسو پرژوبڵاو

بوو، بەڵام هەستمکرد کە دەیەوێت هەربەهەمان شێوە بژی کە هەمیشە ویستوویەتی. پارەی هەیە بەڵام بیری لێناکاتەوە، بیروفکری ئەو ئیدی لەم هەسارەیەدا نەماوە بەڵکوو لەوپەڕی خەونەکانیدا دەسووڕێتەوە. شیعرێکی نووسیبوو، خوێندیەوەو گریا، دواییش گوتی: زۆرجوانە، لەمن سەروزیادە، من سزاوارو شایانی نیم. ماوەیەك بێدەنگ بووین، پاشان دەستی بە قسە کرد: " بەرلە ئێستا بیرم لە ناردنی نامەیەك بۆ تۆ کردۆتەوە.. بەڵام هیچکات ئەمکارەم نەکرد، چوونکە پێش نووسینی ئەو نامەیە دەبێ ئەوەندە بوەستمو چاوەڕوان بم تا رۆحم دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی ".

٩/شوبات/١٩١٥

**(٢٦)**

ژیان بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی (مەکبێس): حیکایەتێکی ڕووت کە گەمژەیەك بیگێڕێتەوە، (تەژی لە رقو هاتو هاوار، بەبێ هیچ واتایەك) نییە. ژیان ئەندێشەیەکی دووورودرێژە، بەڵام – نازانم بۆچی – نایانەوێ لەم ئەندێشەیەدا ببنە شەریكو هاوبەشی دیتران، دیتران ژیان بەرەو ئاراستەیەك ڕادەکێشنو منیش بەرەو ئاراستەیەکیدی، هیچکامیشمان بۆ ماوەیەکی دووورودرێژ خۆمان لە ئاستی ئەم شەڕە زیهنییەدا ڕا ناگرین.

ماری گیان، یەك لەو شتانەی کە بۆ ئێمە پێش هات، ئەوە بوو کە ئێمە ئەندێشەی ژیانمان بەرەو یەك ئاراستە ڕا دەکێشاو لە تەنیایی‌و لاتەریکیی دەرەنجامی ئەم کردەوەیەمان نەدەترساین.

ئێستە دەبێ ئێرە بەجێ بهێڵم‌و بڕۆمە پێشوازیی هەتاو، دەفتەری یاداشتەکانم هەڵدەگرم تا بۆت بنووسم، ئەوکاتانەی کە ئەمکارە دەکەم، هەمیشە سەرکەوتوانە دەتوانم بیرۆکەکانم ڕێکوپێك بکەم.

١٤/ئادار/١٩١٥

**(٢٧)**

بەڵێ ماری گیان، ئەو دوو ڕۆژەی کە پێکەوە بووین زۆر خۆشبوو. کاتێ باسی ڕابردوو دەکەین، هەمیشە ڕاستگۆترین لە ئێستاو لە ئایەندەش، گەلێ ساڵ بوو لە دیتنی هەر شتێکی زیندوو دەترسام، ترسێکی هەڵقولاو لە ونبوونی هەقیقەتگەرایی‌و سافی‌و زولاڵی لە گەڵ خۆمدا. زۆر باشە ئەگەر زاتی ئەوەم هەبێ دڵم بکەمەوەو قسە لەمەڕ دەردو ڕەنج بکەم. من هەمیشە بە بێدەنگی زەجرم دەکێشا، بێدەنگی تووشی ڕەنجێکی قووڵتریشمان دەکات، کەچی بۆ ئەوانەی بیر ناکەنەوە گەلێ ئاسانە. کاتێ هەوڵدەدەین فکرەکانمان ڕێکوپێك بکەینەوە، ڕا دێین لەگەڵ بشێوییەکانماندا. تەنها ئەو کاتانە وام لێنایەت، کە لەگەڵ تۆدام: هاودەمیمان ئێمە لێك نزیکتر دەکاتەوە.. هەموو ئەوشتە

ناخۆشانەی کە لەبیرمان کـردوون‌و کەوتوونەتـە سووچـێکی تـۆز گرتووی نەستمان، پێکەوە سەرکوت دەکەین. بێدەنگییەکی تاقانە کە پێکـەوە تەجروبـەی دەکـەین هـەمان ئـەو بێدەنگییەیـە کـە ناسیومانەو دەرکمان کردووە، بێدەنگییەکانی دیکە بـێ بـەزەیی‌و نامرۆڤانەن. خواوەند بتپارێزێ ماریی ئازیزم.. خوا لە پاڵ یەك‌و بۆ یەکدی بمانهێڵێتەوە.

١٨/نیسان/١٩١٥

**(٢٨)**

هەمیشە دەمویست سەبارەت بە تۆ هـەروەك (زینـدەگی)یـەك قسە بکەم کە ژیان دەخولقێنێ، بەڵام هیچکات ئەوەم بە خۆم ڕەوا نەبینی، وام هەستدەکرد کە تـۆ ناتـەوێ ئـاوا قـسەیەك بکـرێ.. بەهەرحاڵ، وای بۆدەچم کە سەرەنجام کاتێکی زۆر گرینگ بۆ ئێمە هاتبێتە پێش، کاتێ یەکدیمان بینـی، لەمبارەیـەوە زۆرتـر قـسە دەکەین، نـەك وەکـوو بابـەتێکی نـوێ.. نـا.. بـەڵکوو هـەروەکوو بابەتێکی کۆن باسیدەکەین کە بەشێوازێکی تـازەو نـوێ زینـدوو ماوەتەوە. ماری گیـان، هەمیـشە لەسـەر ئـەو بڕوایـە بـووم کـە خولقاندن‌و داهێنان هەر دۆزینەوەی هەمان ئەو شتە مەزنەیە کـە پێشتر لە دەروون‌و ناخی خۆماندا هەبووە، واتە لـە بەشـێکدا کـە ئێمە نەمانوێراوە ڕۆ بچینە ناویـەوە، بۆیـەش ئـەو هەلـەمان بـۆ

دەڕەخسێنێ کە تەجروبەی شتێك بکەین کە تا هەنووکە نەوێراوین هەستیشی پێبکەین.

گەشەونەشەی ئێمە بەستراوە بەم پەیوەندییەو ناسینی ئەو بەشە نەرمونیانترەی ناو ناخی خۆمان.

٢٣/مایس/١٩١٥

(٢٩)

من‌و تۆو هەموو ئەوانەش کە بە حەزو شەوقی زیندەگی دێنە دنیا، هەوڵدەدەین بگەینە سنوورەکانی بوونی خۆمان، نەك تەنیا لەڕێگەی ناسینەوە بەڵکوو ئاوات‌و تەمەنناشمان ژیانە بەو ئەزموونەوە، رۆحی ئەم جیهانەش، واتە ئەوەی کە هەر هەمیشە لە ئاڵوگۆڕدایە، دەبێتە هەمان هەقیقەتی موتلەق. شاعیرە مەزنەکانی رابردوو هەمیشە چۆکیان بۆ ژیان دادەدا، ئەوان پەیجۆی مەخسەدێکی دیاریکراو نەبوون‌و هەوڵیشیان نەدەدا پەردە لەسەر (ئەسرار) دامالن، بەسادەیی ئیزنیان دەدا کە رۆحیان فەرمانڕەوایان بێت.. رێبەریان بێت..و لەناوەوەی (هەستی)دا بجوولێتەوە. خەڵك هەمیشە پەیجۆی (ئەسرار)ن، جاروباریش سەردەکەون، بەڵام لەڕاستیدا ئەسرار هەمان کۆتایی (خود)ە، خۆ، ژیانیش بێکۆتاییە.

ماری گیان، نامەکەی تۆ جوانترین وەسفێکە کە لەمەڕ ژیان دیتوومە، درەوشانەوەیەکە لە تەمەننای پیرۆزی رووبەڕووبوونەوەی

جیهان.. دیتنی ئەم جیهانە بە ڕووتی.. ئا ئەمەیە رۆحی شیعری زیندەگی.

شاعیران ئەوانە نین کە شیعر دەهۆننەوە، بەڵکوو ئەوانەن کە دڵێکیان هەیە تژیو لیوڕێژ لەو رۆحە پیرۆزە.

١٧/تەمووز/١٩١٥

(٣٠)

پێویستە هەموو توانامان بخەینەگەڕ بۆ ئازادکردنی خۆمان لە کۆتی رابردوو، دەبێ هەروەکوو ئەو دایکە بڕوانینە ڕابردوو، کە گەرچی هێشتا چاوی بە فرمێسکی رەنجی دووریو جیایی تەڕە، کەچی خۆشحاڵو شادومانە لەوەی کە گەیاندوویەتیە ئەنجام.

پێنج ساڵی رەبەقی رەنجو ژانی قووڵمان تێپەڕ کرد، بەڵام ئەم ساڵانە گەلێکیش خولقێنەر بوون، لەماوەی ئەو ساڵانەدا گەشەمان کردووە تەنانەت ئەگەر سەرتاسەری جەستەشمانی بە داخو حەسرەت بریندار کردبێ.

بە هێزێکی پترو ساکارییەکی زۆرتری رۆح، ئەم قۆناغەش تێدەپەڕێنین.. بەڵێ، رۆحی ئێمە زۆر ساکارەو ئەمەش گەورەترین تایبەتمەندێتیی ئێمەیە. سەرجەم رووداوە خەماوییەکانی ژیانی مرۆڤ - کە جەنگی ئەورووپا یەکێکیانە - کاردەکەن لە پێناو یاریدەدانی مرۆڤ بۆ سادەو ساکار کردنەوەی رۆحی خۆی.

بڕوام وایە کە پەروەردگار لە هەرهەمووان سادەو ساکارترە.

**ماری گیان، دەزانی کــە هەرهــەموو پەیوەندییــە مرۆییــەکان دابەشبوونەتە سەر چەند وەرزێکی جۆراوجــۆر.. ئــەم پێنجــساڵەی رابرد وەرزی دۆستایەتیی ئێمە بوو، ئێستاش لەسەرەتای وەرزێکــی نوێداین، دەورانێك کە تەمومژی کــەمترە.. وەرزێــك کــە ســادەترو بەتواناتریشە بۆ یاریدەی ئێمــە بــۆ ســادەترکردنەوەی ئــەوەی کــە هەین! کێ دەتوانێ بڵێت ئەو وەرزە باش بــووو ئەمــەیان خــراپ؟، هەموو وەرزەکان بەشــێکن لــە سرووشــت.. مــەرگ بەشــێکە لــە ژیان..و گەرچی لەماوەی ئەم پێنجساڵەدا زۆرجار مــردووم، بــەڵام ئیدی ئەو داخانە لە ناخمدا نینو دڵم هیچ تاڵییەکی تێدا نییە.**

٢/ئاب/١٩١٥

**(٣١)**

**ئەوەی رۆح بیری لێدەکاتەوە، ئەغڵەب بــۆ مرۆڤێکــی رۆحمەنــد نەناســراوە.. بــە دڵنیاییــەوە، ئێمــە مــەزنترین لــەوی کــە بــیری لێدەکەینەوە.**

٦/تشرینی دووەم/١٩١٥

**(٣٢)**

**بۆ ئەو کتێبە هەرەچاکانەی کە لەبواری ئەستێرەناســیدا بــۆت ناردووم، هەزار جار سوپاست دەکــەم. هیــچکاتێك (پێــشتر) ئــەم بابەتــەم بــە لاوە گــرینگ نــەبوو، بــەڵام ئێــستە تێدەگــەم کــە**

ئەستێرەناسی شێوازێکی زۆر باش‌و کاریگەرە بۆ دەرك کردنی مرۆڤ... ئاسۆی بیرکردنەوەی ئێمە هێندە بەرتەسکە کە نیازمان بە ئەستێرەناسی دەبێت تا بمانگەیەنێتە ئەوبەری خێڵ‌و ڕەگەزو عەشیرەو باوباپیرانمان.. ئەوکاتەی کە زیهنمان، هەموو گیانمان ئاگادارو شارەزای جیهان‌و هەموو هەسارەکان بێت، ئیدی پشت ناکەینە گیروگرفتی هاوسێکانمان.

بەدرێژایی ڕۆژ کار دەکەم، ئا.ی ماری، حەزدەکەم دڵی خۆم بتەقێنمەوە بۆ ئەوەی رزگاری ببێ لە چنگی ئەو شتانەی کە پێیانەوە گرفتارە. دەستەکانم گەمژەن.. ترسنۆك‌و لەرزۆك‌و بێگانەن. دڵەکانی ئێمە گەلێ لە خۆمان باشترن، هەزاران پەردە لە نێوان هەستەکانی ئێمەو شێوازەکانمان بۆ دۆزینەوەو ناسینی ئەو هەستگەلە هەن، گەر کەسێك بتوانێ ڕێگای خۆی لە ناوەوە بگۆڕێت‌و بەرەو دەرەوەی ئاراستەبکات، ئەوا لە گۆڕانکارییەکی هەمیشەییدا دەژی.. نوێکردنەوەیەکی ڕۆژانەی (خود)، تۆ چەند جوانت گوتبوو: دوێنێ، هەزار ساڵ پێش ئەمڕۆ ڕوویداوە.

خوێندنەوەی نامە جوانەکانی تۆ، هەستی ئەو گیایەم پێدەبەخشێت کە بەرەو هەتاو لە ڕوان‌و گەشەدایە، ئیدی تاریکاییەکانی خۆم فەرامۆش دەکەم.

بڕوا بکە ماری، ڕۆژێك دادێ من ببمە ئەو مرۆڤـەی کـە ئـەم نامانەی بۆ نووسراون، دەمەوێ بە هەموو دڵو ڕۆحمەوە هەمان ئەو مرۆڤە بم کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە.

٩/کانونی یەکەم/١٩١٥

**(٣٣)**

بیرم لە نووسین دەکردەوە، لە قاڵبەکان.. لە ئاشکراکردنی ئـەو فکروبیرە تاقانەگەلەی کە بەڕاستی ژیانی دەروونیمیان ڕەگاژۆ کردووە: خواوەند، جیهان، رۆحی مرۆڤ. وا هەستدەکەم چرپەیەك لە ناخمدا دروست دەبێتو هەر ئێستاش چاوەڕوانی بیستنیم.

تاقە ئاواتم ئەوەیە بگەمە شێوازێکی ڕێکوپێك.. گەیشتنە شێوازێکی سەلمێنراو بۆ ئەوەی هەرچی ئەو چرپەیە دەیلێت بیگەیەنمە گوێی مرۆڤەکان.

توانای دواندنی دیتران دەربارەی خواوەند گەلێ جوانو شیرینە، ناتوانین سرووشتی خواوەند بەتەواوەتی دەرك بکەین چوونکە ئێمە ئەو نیین، بەڵام لانیکەم، خۆ دەتوانین بە سەیرکردنو تێڕامان لە درەوشانەوە ئاشکراو بەرچاوەکانی ئەو، ئاگایی خۆمان بۆ گەشە کردن ئامادە بکەین.

٦/کانونی دووەم/١٩١٦

**(٣٤)**

**ماریی خۆشەویستم، دەرك‌و ناسینێکی نوێ کەمکەم لە ناخمدا سەرهەڵدەدات.. شەوو ڕۆژ لەگەڵمەو لە هەنگاوبەهەنگاومدا ئامادەیە، دەڵێی چاوم کەمکەم ئامادەی بینینی داهێنانەکانی خالق دەبێت، خیلقەت هەروەکوو تەمێك لەناو کێوو دەشت‌و دەریادا دەبینم، ئەو، هێشتا خۆی بەتەواوەتی ناناسێت.. ملیۆنەها ساڵ تێپەڕیوەو ئەو – لە هەنگاونان بەرەو خواستەکانی خۆی – تێدەکۆشێ زۆرتر خۆی کەشف بکات.. هەر بۆ ئەمەشە کە مرۆڤ خەلق دەکات.**

**خواوەند هەرتەنیا خالقی زەوی‌و مرۆڤ نییە، سەرەڕای ئەمانە، ئەو داوەری هەموو ئەو شتانەیە کە لە ژێر تیشکی هەتاودا دێنە ئاراوە، خواوەند بە شێوەیەکی (ناب) لەم خواستە سەرەتاییەیدا خۆی دەنوێنێ: - کە مرۆڤ‌و زەوی بەشێکن لە ئەو – خواوەند هێزێکی جووڵاوە کە لە ڕێگەی هەمان ئەو خواستەیەوە گەشە دەکات‌و بەهەمان شێوەش هەرچی لەسەر زەوییە، لەگەڵ ئەودا گەشە دەکات.**

**ئەم خواستەش، سەرچاوەی هێزودەسەڵاتە کە هەموو شتێك تووشی گۆڕانکاری دەکات.**

٣٠/کانونی دووەم/١٩١٦

**(٣٥)**

خۆشەویستم، بڕوا دەکەی کە هێشتاش لە (بانـك)دا ئەوەنـدەم پارە هەیە کە بەشی یەکسالّی تەواوم بکات؟ کەچـی تـۆ دیـسان پارەم دەدەیتیّ.. تۆ، بە بیّ هیچ سـنوورو بەربەسـتێك هـەر پـارەم دەدەیتیّ. بە شادومانییەکی تەواو ژیـاوم، تـەنیا شـتێك کـە دلّـم نەیدەناسی، هەمان ئەشقو ئەوینی ژیان بوو، بیست سالّی رەبـەق تەنیا بە هەستی برسـێتییەکی قـوولّو تینوێتییـەکی مـەزن بـۆ دەستەبەرکردنی شتێك ژیاوم کە نەمدەزانی چییە! بـەلاّم هـەموو شت گۆڕا.. لەهەمان شوێندام کە هەبووم.. هەمان ئەو کارە دەکەم کـە دەمکـرد، ئێـستەش یاسـایەکی بەخـشەندە دەبیـنم کـە (پۆلاّ)کانمان دەکاتە گولّو گولّەکانیشمان دەکاتـە خواوەنـد! ئـەو برسێتییەی کە ئـەو هـەموو سـالّە لەگەلّمـدا بـوو، لەڕاسـتیدا حەزێکی شاراوە بوو بۆ ناسینی کاینێکی جیا لە خۆم، بە شـێوەی جۆراوجۆر تێکۆشام تا گەیشتمە ڕێگایەکی تاقانەو دلّنیا کەرەوە: ڕێگای خوا.

ڕۆحم بەدوای خواوەنددا دەگەڕیّ، وەك چۆن هەوای گـەرم بـەرەو ژوور دەبێتەوە یا وەکچۆن ڕووبارەکان بەرەو دەریا دەکشێن. ڕۆح دوو توانای هەیە: تەمەننای پەیجۆریو دۆزینەوەو توانای شەڕکردن لـە پێناو ئەو تەمەننایەدا.

ڕۆح هــەرگیز ڕێگــای خــۆی ون ناکــات، وەکــچۆن ئــاو بــەرەو لووتکەی کێو ناڕوات، هەربەو پێیەش سەرجەم ڕۆحەکان دەگەنــە خوا.. گرینگ نییە چەندی پێدەچێت.

خــویّ هیــچکات تایبەتمەندییــەکانی خــۆی لەدەســت نــادات، تەنانەت گــەر لــەناو ئــاوی هــەموو زەریاکانیــشدا بتوێنرێتــەوە، ڕۆحیش برسێتیی خۆی بۆ خواوەند لەدەســنادات، ڕۆح ئەبەدییــەو ڕۆژێك دادیّ تێر دەبێت.. لێوڕێژ دەبێت.

ڕۆح هیچکات دەســت لــە پــەیجۆریو بەدواداگــەڕانی خواوەنــد هەڵناگریّ، کاتێکیش پێیگەیشت، ئنجا تێدەگا کە ئــەویش هــەر لە گەڕاندایە.

١٠/شوبات/١٩١٦

**(٣٦)**

ماریی خۆشەویستم، خۆم وەکوو ئەو (تۆو)وە دێتە پێشچاو کە لە وەرزی زستاندایە بەڵام دەزانیّ کە بەهار نزیکە. تۆوەکە پێستی دانە دەقڵیشێنێتو ســەر دێنێتــەدەر. ئــەو ژیانــەش کــە هێــشتا لەمندا خەوتووە، کاتیّ کە بانگێشتی زیندەگی کــرا دەبــیّ بــەرەو سەرەوەی ڕووی زەوی ببزوێت.

بێدەنگی گەلیّ سەختو بە ژانە، بەڵام هەر لــە بێدەنگیــشدایە کە شتەکان شکڵ دەگرنو دروست دەبن. ساتگەلێك لــە ژیانمانــدا هەن کە ئێمە دەبیّ تەنیا چاوەڕێیان بکەینو هیچیدی، لــەناوەوەی

هەموو شتێكدا.. لە قووڵایی ناخی (بوون)دا هێزێك هەیە، ئەو هێزە شتێك دەبینێت‌و دەبیستێ كە ئێمە هێشتاش ناتوانین بیناسین، ئێمە هەرچی (ئەمڕۆ) هەین لە بێدەنگیی (دوێنێ)مانەوەیە. ئێمە گەلێ بەهێزترین لەوەی كە بیری لێدەكەینەوە.. ساتگەلێك هەن كە تیایاندا تاقە ڕێگای فێر بوون هەمان بەكار نەهێنانی هیچ داهێنان‌و نوێگەرییەكەو ئەنجام نەدانی هیچكارێكی دیكەیە، چوونكە لەو ساتانەدا كە هەمان كات‌و ساتی بێدەنگی‌و بێ بزاوتین، ئەوە بەشە شاراوەو پەنهانەكەی وجوودی ئێمەیە كە كاردەكات‌و فێر دەبێت.

ئەوكاتەی كە ناسینی لایەنە پەنهانەكانی ڕۆح خۆی ئاشكرا دەكات، سەرمان لە خۆمان دەسووڕمێت‌و بۆچوونەكانمان لەمەڕ زستان دەبنە گوڵ، ئەویش هاوكات لەگەڵ چرپاندنی چریكەیەك كە هەرگیزو تەنانەت لە خەونیشدا نەمانبیستووە.

ژیان هەمیشە زۆرتر لەوەمان پێدەبەخشێت كە خۆمان بە شایستەی دەزانین.

١/ئادار/١٩١٦

## (٣٧)

بەنی دڵەکەم، ماری، ئەوکاتــەی ڕۆح نــوقمی ئەندێــشەگەلێك دەبێ کە هەردەم لە ئاڵوگۆڕدان، ئێمە دەســەڵاتی خۆمــان بەســەر دەستەواژەکاندا لەدەست دەدەین، بەڵام ئەوەش بزانە کــە هەرچــەند لەماوەی ئەم چەند مانگەدا هەستی ناسینو دەرکی بەرەبــەرەم بــۆ خواوەند لەگەڵم بووە، هیچکات (لەگەڵ تــۆ بــوون)م نەخــستۆتە لاوەو هەمیشەش لەوە دڵنیا بووم کە لەو بێدەنگییە ڕواڵەتییەشدا هەر پێکەوە قسە دەکەین. بۆ گفتوگۆ دەربارەی بەرەبەیان یا کــاتی پیاســەیەکی زۆری نــاو باخــچەیەك، پێویــستمان بــە هاوڕێیــەك دەبێــت.. گەرچــی دووریــش، بــەڵام تــۆ هــەمان ئــەو هــاوڕێو هاوسەفەرەی من بوویت.

زۆر ئێشدەکەمو هەوڵیشدەدەم کەمتر ڕووبەڕووی دیتران ببمەوە، خەرەندی نێوان منو دیتران هەردەم قووڵتر دەبێتــەوە. جاروبــار بــیر دەکەمەوە: ئەم خەرەندە لەڕاستیدا هەیە، چــوونکە نقوســتانییەك لەمندایە، گەر ئەم نقوستانییە بەیەکجاری لە نــاو بــچێت، ئــەوا دەگەمــە نزیکایەتییــەکی نــوێ لەگــەڵ خەڵکــداو دەشــتوانم بــە شێوەیەکی تازەو نوێتری ئەشق ئەوانم خۆشبوێن.

٩/نیسان/١٩١٦

**(٣٨)**

**ماریی خۆشەویستم، ئەم نووسینەی خۆمت بۆ دەنێرم کە تازە تەواوم کردووە، زۆر کورتەو بە زمانی عەرەبیشم نووسیوە، حەز دەکەم گوێم لە پێداچوونەوەو پێشنیارەکانت بێت لەسەری:**

**" لەگەڵ هاوڕێکەم لە ژێر سێبەری پەرستگەیەکدا چاومان بە نابینایەك کەوت، هاوڕێکەم گوتی: ئەوە زاناترین پیاوی جیهانە.**

**لێی نزیك کەوتینەوەو لێمان پرسی: لەکەیەوە نابینایت؟**

**گوتی: هەر لەگەڵ لەدایکبوونم**

**گوتم: من ئەستێرەناسم**

**ئەویش گوتی: منیش**

**ئنجا دەستی خستە سەر سنگیو گوتی: ئا لەم ناوەوە هەرهەموو خۆرو مانگو ئەستێرەکان دەبینم.***

١٠/مایس/١٩١٦

**(٣٩)**

**ماریی خۆشەویستم، سوپاس بۆ پێداچوونەوەکەت، چیرۆکی دیکەشم هەن بەڵام نازانم چۆنیان دابڕێژمەوە، چوونکە زمانی ئینگلیزی بۆ داڕشتنیان زمانێکی شیرین نییە.**

---

* ئەم چیرۆکە دواتر بەناونیشانی (ئەستێرەناس) لە کتێبی (دێوانە)دا چاپ کراوە.

لەو کاتەوەی کە واتای نوێی خواوەند لە رۆحمدا جێی کردۆتەوە، کەمکـەم توانـای پەیوەنـدی کـردنم لـە ڕێگـەی نووسـینەوە لـە دەستداوە!

مرۆڤێك لەناو تەیارەدا زەوی بە شـێوەیەکی جیـاوازتر دەبینـێ بەڵام هەربەو دوو چاوەی خۆی. دەبێ چـاوەکانمان بگـۆڕین.. رەنگـە لەو حاڵەتەدا هەموو شتێك هەر بەوجۆرە ببینین کە هەیە.

١٦/مایس/١٩١٦

(٤٠)

ماریی خۆشەویستم، بە بۆنەی نامەکانتـەوە بـە درێـژیی ئـەم ماوەیە.. بە بۆنەی هەر وشەیەکەوە کە نووسـیوتە.. بەبۆنـەی ئـەو رۆحە ئیلاهییـەی کـە لـە تاکبـەتاکی وشـەکانتدا بەدیـدەکرێ، سوپاستدەکەم، خواوەند شایستەیی ئەو نامانەتم پێببەخشێت.

زەمانێك کە دەستی ژیان قورسەو شەویش بێ گـۆرانی، کـاتی ئەشق‌و متمانەیە. دەستی ژیان هەرچەندە سووك دەبێت‌و شـەویش هەرچەندە پڕدەبێ لـە گـۆرانی.. ئەوکاتـەی کـە هـەموو شـتمان خۆشدەوێت‌و متمانەی پێدەکـەین.. ئەوکاتەیـە کـە هـەموو شـت سووکتر دەبێت‌و گۆرانیەکان لەناو تاریکاییدا هەڵدەستنەوە.

سوپاست دەکەم بۆ ئەو (بەردە بلوورینە ئاسمانییە)ی کە بـۆت ناردووم، هەمیشە دەستی لێدەدەم‌و بیر لەوە دەکەمەوە کـە شـتێك لە دەستمدایە ملیۆننەها کیلۆمەتر دوورتر لێـرەوە هـاتووە.. ئـەم

بەردە بلوورە گرانبابیيە دنیای خەیاڵم لێورێژ دەکاتو لە غوربەتی بێسنووری ڕۆحم کەمدەکاتەوە.

١٩/ئەیلول /١٩١٦

**(٤١)**

بەڵێ ماریی ئازیزم، ئێمە دەرکدەکەین بە بێ ئەوەی بزانین کە دەرکمان هەیە، ئێمە شتێك (ژیانێك) دەژیین کە لە وشیاریی خۆماندا ناتوانین وەسفی بکەین.

واقیعی پەیوەندیی ئێمە، بوونی هەمان ئەو ڕاستییەیە کەلە دەوروبەرماندا دەسووڕێتەوە.

تەنانەت کاتێکیش کە گومان لە شتێك دەکەین، دڵمان شك ناکات.. تەنانەت ئەوکاتەش کە بە ژیان دەڵێین " نا "، ئەوەی کە ژیان گوێی لێدەبێت، هەمان " بەڵێ "یە.

ئەو شتەی کە ناوی ئەزموونی نوێی لێدەنرێت، نەك هەر بەهۆی مرۆڤەکانەوە دەبیسترێ بەڵکوو خواوەندیش هەردەم بە " بەڵێ " دەیبیسێت.

٣١/تشرینی یەکەم/١٩١٧

(٤٢)

مــاریی خۆشەویــستم، سوپاســتدەکەم بــۆ شــەکرەکەو بــۆ کتێبەکانیش، بە قەناعــەتو دەسـپێوەگرتنێکی زۆرەوە کـەڵکیان لێوەر دەگرم.

لەوانەیە گاڵتەجاڕیو پێکەنیناوی بێت گـەر بڵـێم: هیـچکات چێژم لە خوێندنەوەی کتێبی تایبــەت بــە کێـشە سێکـسییەکان نەبردووە، بەڵام ئێستە حەز دەکەم هەموو ئەو شتانە بزانم کـە لــە ژێر ئەم هەتاوو مانگو ئەسـتێرەیەدا ڕوو دەدات. نووکــە هــەموو شتێك جوانەو کاتێکیش ترسـمـان لــە ناسـینەوەو ئــەزموونکردنی شتەکان نەبێت، ئەوا جوانو جوانتریش دەبن.

زانینو وشیاریو ئاگایی، ژیانێکی باڵدارە.

١٥/تشرینی دووەم/١٩١٧

(٤٣)

ماری گیان، بەڕای من، تۆ دەبێ درێژە بە کارەکەی قوتابخانەت بدەیتو هەر وانەی هونەر بڵێیتەوە، چـوونکە ئــەمکارەت دەبێتــە هۆی شکڵ بەخشین بە ئەندێشەکانت. کاتێك کـە وێنــەی شـتێك دەکێشی.. هەرگیز لە یاد ناچێت، ئێمە مندالّی شـکڵو ڕەنگـینو هەر لەوانیشەوە فێر دەبین. من زەجر دەچێژم، چـوونکە خـەڵك بــە جیاتی ئەوەی سوود لە وزەو هێزی خـەیاڵ بــەرن، هــەر خــەریکی قسەکردنو درێژ دادڕینو ناتوانن بۆ چـرکەیەکیش بێـدەنگ بــن..

هەمیشە لافاوێك لە وشە.. وشە.. وشە بە دەمیاندا دێت بە بێ ئەوەی هیچکامیان بە دروستییش بزانن کە چیدەڵێن.

شەش ساڵی ڕەبەقە منو تۆ پێکەوە بیر دەکەینەوە.. قسە دەکەینو کار دەکەین، هەمووشتێك بۆ ئێمەو لە لای ئێمە هەستی پێدەکرێت، چوونکە ئەندێشەکان ئەگەر تەنها ببنە وشە، تەنێ بەشێك لە ئێمە دەگوازنەوە، بەڵام ئەمەش چوارچێوەیەك نییە کە هەموو ڕۆژێك بەکاری بهێنین.

دەمەوێ (ئامۆژگاریەکان) کتێبێکی سادە بێت، ئەو بەشانەی کە سەختو دژوارن، ناشیرین نەبن، گرینگ ئەوەیە کەسێتیی ناو چیرۆکەکەی من حەقیقەت بڵێتەوە.

١١/مایس/١٠١٨

**(٤٤)**

ساتگەلێك هەن تیایاندا ژیان بە ڕواڵەت بێنرخ دەنوێنێتو لە هەمان حاڵێشدا تەژییە لە واتا. دڵی ئێمە لە هەموو شوێنێکدا هەیە، لە قەراخی ڕووبارێك دادەنیشینو لە ئاوە زوڵاڵەکەی دەنۆشین، تێدەگین کە ئاویش (تینوو)یەو ئەویش ئێمە دەنۆشێت، لەو کاتەدایە کە لەگەڵ گەردووندا دەبینە یەك.

هەمیشە گوتوومە: خواوەند لە پشتەوەی هەزاران پەردەی نووردایە.. ئێستاش دەڵێم: بە تێپەڕ کردنی یەك لەو هەزاران پەردەیە، جیهان کۆتایی پێدێتو خواوەند نزیکتر دەبێتەوە. هەموو

**شــتێك گــۆڕاوه.. ئــهم شــهقامانه، لــهناو شــهمهندهفهرو لــهناو ئوتۆمبێلهکاندا جوانییهکیدیکه دهنوێنن.. کۆتــایی ئــهم شــهڕهش که سهرتاسهری ئهورووپای گرتۆتهوه، زۆر دوور نییه. ســهرکهوتنی لایهنێك که ئێمهی پێوه پهیوهستین گرینگ نییــه، بــهڵکوو گــهر ڕاستت بوێ، گرینگ سهرکهوتنی ڕۆحه به ســهر مــاددهدا. دڵۆپــه نهوتێك، تهنانهت گهر چوار ساڵیش له ژێر دهریادا بێت، سهرهنجام ههر سهر ئاو دهکهوێتو ڕووناکایی دهبینێ.**

**ئهرێ بۆچی ئهمانهت بۆ دهنووسم ماری؟.. تۆ ئاگاداری ههموو ئهو شتانهیت که ڕوو دهدهن، تۆ، پــتر لــه هــهر کهســێکیدی لــهم جیهانهدا بڕوای منت بهم سهرکهوتنه پتهوتر کردووه.**

١٧/تشرینی دووهم/١٩١٨

**(٤٥)**

**ماریی خۆشهویستم، بــه تــهواوهتی ههســت بــهوه دهکــهم کــه ســهفهرهکهت بــۆ میــسر دوا دهکــهوێت، هــهزاران ســاڵه میــسر لهوێدایهو ههر لهو شوێنهشــدا دهمێنێتــهوه.. ئیــدی تــۆ پهلــهی چیته؟، ئهوهی که تۆزوگهردی زهمان لهو شــوێنهی بهجێهێــشتووه شیاوی سهرکۆنهیه.**

٢٠/كانونی یهکهم/١٩٢٠

**(٤٦)**

**ماری گیان، حەز دەکەم بزانم ئایا تۆ بیر لەوە دەکەیەوە کە چۆن چۆنی توانیت دەرك‌و ئاگایی من لەمەڕ جیهان پەرە پێبدەی؟**

**تۆ هەمیشە هاندەری من‌و (ناچاری)ی منیت بۆ دۆزینەوەی شتە نوێیەکان.**

**ئەشق – هەروەکوو جۆبارێك – دەبێ لە بزاوتێکی هەمیشەییدا بێت.. تۆش هەر وات لە من کردووە. ئەی باشە چی بەسەر زۆربەی ژیانە هاوبەش‌و هاوسەرێتییەکاندا دێت؟، وا دەزانن ئاوی جۆبار هەمیشە هەروا دەڕوات‌و ئیدی هیچ نیگەران نین، پاشان زستان دادێت‌و ئاوەکان دەیبەستن، تەنها ئەو کاتەیە کە تێدەگەن: لەم ژیانەدا هیچ شتێك بە شێوەیەکی رەها پارێزراو نییە!.**

**٣/کانونی دووەم/١٩٢١**

**(٤٧)**

**بەنی دڵەکەم، ماری، ئاواتم ئەوەیە بتوانم شاری مەزنی تاریکی بهێنمە پێشچاوی خۆم.. نیۆیۆرك دەیتوانی بە هەمان ئەندازەی ئەهرامەکان جوان‌و کاریگەر بێت، ئەگەر بکرابا کە تەنها لە ژێر تیشکی درەوشاوەی مانگ‌و ئەستێرەکاندا سەیر بکرێت‌و هیچیدی.**

چ جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان ڕووناکاییەك کە لە سەرەوە دەبینرێتو نوورێك کە لە خوارەوە دێت؟!

٨/کانونی یەکەم/١٩٢١

**(٤٨)**

ژیانی ژنو مێردایەتی باشترین شێوازی داهێنانو دووبارە بەخشینەوەیە ، بەڵام هیچکات ناتوانین ئەوە لە بیر بکەین کە مرۆڤەکان هەمیشە لێك جودان.

زەمەنی پێش هاوسەرێتی، زەمەنێکی پەرجۆئاسایە کە تیایدا لە خۆشەویستەکەمان نزیکدەبینەوە.. گفتوگۆ دەکەین.. فێری هەموو ئەو شتانە دەبین کە زەمینەی خۆشیو شادیمان بۆ دەڕەخسێننو ئینجا تێدەگەین کە: دەبێ چیبکەین تا هەتاوی ئەم بەختەوەرییە هەرگیز ئاوا نەبێت.

ناتوانین بەوە قایل بین کە ڕابوردنی ستەمگەرانەی بەیان، نیوەڕۆ، عەسرو شەو، کۆتایی بەم ئەفسوونە بهێنێ.

بۆ ئەوەی کە شۆرو ئەشقی یەکەم هەر بە زیندوویی بمێنێتەوە، پێویستە بەشێك لە کاتەکانی هەر کەسێك بە تەنیا هەر بۆ خۆیو هیی خۆی بن.

هیچکام لە ئێمە ئەوەندە ژیر نیین کە بتوانین بڕیارێکی بەجێ لەسەر ژیانی دیتران بدەین.

ئەوەندە بەستە کە سەرنجی تاقە یەك یاسا بدرێت – ڕاستگۆیی – ئیدی هەموو شتێك وەکوو خەونێکی خۆشی لێدێ.

١٢ – ١٤/کانونی دووەم/١٩٢٢

**(٤٩)**

**باشترین لایەنی هەرکەسێك بدۆزەرەوەو پیشانی خۆیی بدە، ئێمە هەموومان موحتاجی ئاوەها پاڵنەرێکین.. هەر جارێك کە ستایشی کارەکانم دەکرێت، من خاکیتر دەبم چوونکە هەست بەوە ناکەم کە نابینرێم‌و ناخوێنرێمەوە.**

**هەرهەموو دانیشتوانی ئەم جیهانە شتێکیان هەیە کە بە هۆیەوە شایانی ستایش بن. ستایشەکان پیشاندەری دەرك‌و پێزانینن. ئێمە لە خەڵوەتی خۆماندا مرۆڤی بەرزو بەڕێزین‌و کەسمان لەویدی باشتر نیین.**

**فێری سەیرکردنی مەزنایەتیی هاوسێیەکەت ببەو مەزنایەتیی خۆشت ببینە.**

١٤/کانونی دووەم/١٩٢٢

**(٥٠)**

**کوێریی (مینی) زۆر بۆی ئاسایی‌و سرووشتییە. ئەو، نەك هەر هەستەوەرترە لەوانەی کە (تەندروست)یان پێدەڵێن، بەڵکوو تەنانەت بە ئازادییەکی زۆرتریشەوە دەتوانێ ناخی خۆی دەر ببڕێ. ئەو شتەی کە بۆ تۆ لە (بێزاری)یەك دەچێت، بۆ ئەو وەکوو**

(مۆجیزە)یەك دەبینرێت. ئەو، هەمیشە جیهان بە پێی قەڵەمڕەوی شەخسیی خۆی تەفسیر دەكات، بڕوای بەوە نییە كە شتێكی بێ بەها بەڕاستی هەر شتێكە كە هیچ نرخێكی نەبێت. ئەوانەی كە لە جیهانێكی جیاواز لەوەی ئێمەدا دەژین، دەتوانن بۆ دروستكردنی ئەم دونیایە باشترو كارامەترین، چوونكە چاوی ئەوان شتگەلێك دەبینن كە ئێمە توانای دیتنیانمان نییە، زیهنی ئەوان بە شێوەیەكی جیاواز گەردوون لێكدەداتەوەو سەرلەنوێ بە شێوازی تایبەتی خۆی دایدەڕێژێتەوە.

ئێمە، نەك بەرهەمهێنی ڕووناكایی، بەڵكوو تەنها پرشەیەكین لەو درەوشانەوە مەزنە.

٢٥_٢٨ی نیسان/٢١٩٢

## (٥١)

ئێمە نەك كەسانێكی جیاواز، بەڵكوودەركەوتەی زەوی‌و ژیانین، ناتوانین ئەوەندە لە زەوی دوور بكەوینەوە كە خۆمانی لێ جیاواز ببینین، ئێمە لە گەڵ جووڵە مەزنەكانیدا دەجووڵێین‌و گەشەی ئێمە بەشێكە لە گەشەی مەزنی گۆی زەوی.

٥/مایس/١٩٢٢

(٥٢)

به شادیی تۆ دڵشادم، شادی بۆ تۆ جۆرێکه له ئازادی..و لەناو هەموو ئەوانەدا که دەیانناسم تۆ دەبێ له هەموویان ئازادتر بی، بەدڵنیاییشەوە، تۆ خۆت ئەم شادیو ئازادییەت دەستەبەر کردووە، ژیان له بەرامبەری تۆدا تەنێ دەتوانێ چاكو میهرەبان بێت، چوونکه تۆ له بەرامبەری ژیاندا گەلێ چاكو میهرەبان بوویت.

٢٤/کانونی دووەم/١٩٢٣

(٥٣)

بەبێ تۆ نەمدەتوانی (پێغەمبەر) بنووسم.

ژیان سێ شتی چاکی پێبەخشیوم: دایکم، که ئیزنی دام بەرێکەوم.. تۆ، که بڕوات به منو کارەکانم هەبوو.. باوکم، که ئەو جەنگاوەرە خەوتووەی ناو ناخمی زیندوو کردەوە.

٢٣/ تشرینی دووەم/١٩٢٣

(٥٤)

درەختەکان شکۆفەیان دەکرد.. باڵندەکان دەیانجریواند.. چیمەنەکان نمناك بوون.. سەرتاسەری زەوی دەدرەوشایەوەو لەناکاو من بوومە خودی درەختو گوڵو باڵندەو چیمەنەکانو ئیدی هیچ (من)ێك له ئارادا نەبوو.

٢٣/مایس/١٩٢٤

(٥٥)

تۆ گەلێ زۆرتر لەوە دەبیستی کە من بتوانم بیلێم.. تۆ ئاگـایی دەبیستی، تۆ لەگەڵ مندا دەگەیە شـوێنێك کـە پەیڤـەکانی مـن توانایان نییە بتبەن.

٥/ حوزەیران/١٩٢٤

(٥٦)

بەنی دڵەکەم، ماری، بە بۆنـەی هـەموو ئـەو چـاکەیەوە کـە لەگەڵت کـردووم سوپاسـتدەکەم.. سـەرفراز بیـت بـۆ هەمیـشە. هەرجارێك کە قسەت لەگەڵ دەکـردم، مـن هەسـتم بـە ژانێکـی دڵگیر لە ناخی خۆمدا دەکرد.

تۆ هەمیـشە لووتکـەی کێـوێکم پیـشاندەدەیتو دەڵێیـت: ( خەلیل کەی دەگاتە ئـەویێ؟)و هـەرجارێکیش کـە وا دەڵێـی، لـە پشتەوەی وشەکانتەوە دەنگێکیدیکە دەبیستم کە دەڵێـت: " حـەز دەکەم خەلیل سبەینێ بگاتە ئەویێ ".

ئەوە باشە کە بزانین کێو لووتکەیـەکی هەیـە، بـەڵام لـەوەش باشتر ئەو بڕوا پتەوەیە بەوەی کە دڵداری تاقانەو خۆشەویستی تـۆ سبەینێ دەیگاتێو دەیبینێ.

ژیانی من تەنیا کۆمەڵێك دەنگی مۆسیقایی بوو کە لـە دڵـی تۆدا بوونە سروودو چریکە.

**با هەمیشە بتوانین سەرتاسەری پیرۆزیی هەموو چرکەیەك بژیین.**

سەرتاپا ئەشق.. خەلیل

**(٥٧)***

---

* دەکرێ بڵێم دەقی فارسیی ئەم بەرهەمە پێکهاتووە لە دوو بەشی تێکەڵاو: ١_ ئەو نامەگەلەی کە لە ڕووی نووسراوەکانی خودی نووسەر ( جبران خەلیل)ەوە ئامادە کراون، ٢_ ئەوانەی کە لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی (ماری هەسکلێ)دا دەرهێنراون.. ئامادەکاری ئەم کتێبە (پاولۆ کۆئیلۆ) هەردوو بەشەکەی پێکەوەو بە تێکەڵاوی نووسیونەتەوە کە پێموایە ئەوەش لەبەر بەروارو ڕێکەوتی نووسینی نامەکان بووەو بەمەبەستی گرێدانی هەندێ بابەتی لێکنزیك‌و یەك لە دوای یەك، تەنیا ئەوەندە هەیە کە نامەکانی بەشی دووەمی بە نووسینی ( لە دەفتەری بیرەوەریەکانی ماری) لەوانیدی جیا کردوونەتەوە، دەبێ ئەوەش بڵێم کە نامەکانی بەشی دووەمیش بۆ خۆیان دوو بەشن بەڵام بەهەمان تێکەڵاوی: بەشێکیان نامەکانی جبران خەلیلن بۆ ماری‌و بەشەکەیدیش یا نامەی ماری بۆ جبرانە یاخود گێڕانەوەیەکە لە لایەن مارییەوە. نامەکانی بەشی دووەم بریتین لە (٤٤) نامەو من بە پێچەوانەی دەقە فارسییەکە، لێکم هەڵاواردن‌و بە جیاو دوابەدوای نامەکانی لای خودی نووسەر هێنامنەوە، بۆیە تەنیا وەکوو ڕوونکرلدنەوەیەك دەڵێم: ئەو بەشەی کە لێرەوە دەیخوێنیتەوە، بەشی دووەمی نامەکانە کە لە (دەفتەری بیرەوەریەکانی ماری)دا تۆمار کراون، دیارە زەحمەتی پێکەوە گرێدانەوەی هەندێ لە بابەتەکان‌و زنجیرەی ڕێکەوتی نووسینی نامەکانیش دەکەوێتە ئەستۆی خوێنەری وریاو وردبینی ئەم بەرهەمە. (ج. ع)

ماری گیان، ناتوانم بـۆ کـاتی کـارو کـاتی ڕاهێنـانو کـاتی نووستنم بەرنامەو گەڵاڵە دابڕێژم.

هەمیشە گوێمان لێیە کە دەڵـێن: هـەموان دەتـوانن هـەموو ڕۆژێك لە کاتێکی دیاریکراودا لە خەو هەستن.. چا بخۆنەوە.. بڕۆنە ناو جێگەو بنوونو لەم نەزمو دیسپلینەش ڕازیو دڵخۆشن. بـەڵام بەڕای من ئەو خەڵکە، هەمیـشە هـەر تـەنها ئـەو ڕۆژە دەژیـنو دەژینەوە. گەر بتوانم سووچێکی تازە لە دڵی مرۆڤدا پیشانی مرۆڤ بدەم ئەوا بێ هۆو بێسوود نەژیاوم. کێـشەکە خـودی ژیانـە نـەك خۆشی یا دەردو شادی یـا ناشـادی! نـەفرەت بـە هـەمان ڕێـژەی خۆشویستن چاکە، دوژمـنێك دەتوانێ ئەوەندەی دۆستێك بۆت باشو بەسوود بێت. بۆ خۆت بژی.. ژیانی خۆت بژی.. سەرەنجام بەڕاسـتی دەبیتە دۆستی مرۆڤ. من نیازم وایە بهێڵم ئەوشتانەی کـە بڕیـارە ڕوو بـدەن، ڕوو بـدەن.. کـەوابوو دەبـێ بـۆ ڕووداوە کتوپڕەکـان ئامادەییمان هەبێت. بۆ من هەر ڕۆژێك کە تێدەپـەڕێ، جیـاوازیی هەیە، کاتێکیش تەمەنم بگاتە هەشتا ساڵ هەروا چاوەڕوانی ئـەو ئەزموونە نوێیانـە دەبم کـە دەرەوەو نـاوەوەم دەخەنـە ئـاڵوگۆڕەوە.. کاتێ پیر بووم، ئیدی بیر لەو کارانە ناکەمەوە کە پێشتر کردوومن، ئەوە ئیدی ڕابورد، بەڵکوو من دەمەوێ لە هـەر چـرکەیەکی ئـەو ژیانەی کە هێشتا بۆم ماوەتەوەو تێیدا دەژیم، کەڵك وەربگرم.

نەك بۆ هاوكێشە گەورەكان، بەڵكوو تەنیا بۆ شتە وردو بچووكەكان دەكرێ بەرنامە دابنرێت، ئەوكەسەی كە بەرنامەو گەڵاڵە بۆ كارە مەزنەكان دادەڕێژێ، ئەوا لەڕاستیدا هەموو شتێك بچووك‌و كەمبایەخ دەكاتەوە.

٢٥/كانونی یەكەم/٢١٩١

**(٥٨)**

ئەوینی ئەو، هەروەكوو خودی سروشت ئارامبەخشە.. هیچ پێوەرێك بۆ مرۆڤ دانانێت، هیچ شتێك بۆ مرۆڤ دیاریناكات، هەر بەسادەیی هەقیقەت، بوونی مرۆڤ پەسەندو قبووڵ دەكات، دروست وەكوو سرووشت، من ڕاستەقینەم، ئەویش هەروا، ئەم دوو هەقیقەتەش یەكدییان خۆشدەوێت.. هەر ئەوەندە.

٢٩/كانونی یەكەم/١٩١٢

**(٥٩)**

ئەمرۆ گوتی: ماری.. دەمەوێ بۆ تۆ بە تەنێ گەڵایەكی سەوز بم كە (با) دەیلەرێنێتەوە تا بە دروستی، هاوكات‌و هاوڕێ لەگەڵ شۆرو شەوقی ئەو چركەیەدا قسە بكات، هەرواش دەكەم‌و واش دەبم.

١٠/كانونی یەكەم/١٩١٤

(٦٠)

هەمیشە شەرمم دەکرد لەوەی کە پارەت لێوەر بگرم.. هەمیشە لەخۆم دەپرسی: ئایا ئەمکارە دروستە؟، زۆرجار دەمویست بڕۆمو بۆ تاهەتایە بەجێت بهێڵم، بەڵام هەرجارەو بیرمدەکردەوە: ئەو، زۆر شتی بەمن بەخشیوە.. لەوانەیە وا هەست بکات کە من مرۆڤێکی سپڵەم. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە پەیوەستبوونم بە یارمەتییەکانی تۆوە، وەکوو جنێوێك.. ئەشکەنجەیەك بوو بۆم، تۆ بە خۆشحاڵییەوە پێتدەبەخشیمو من بە زەجرێکەوە لێم وەردەگرتی، بەڵام ئێستە ئیدی بەڵێن دەدەم هیچکاتێکیدی ئەوجۆرە ڕەفتارە نەکەم، گەر پێم ببەخشی، هەموو شت باشەو گەر پێشم نەبەخشی هەروەتر، بەڵام خۆ گەر پارەم بدەیتیّو بتەویّ دواتر بۆت وەگێڕم، ئەوە هەر زۆرزۆر باشترو چاکترە. هەمیشە لە وەرگرتنی پێشکەشی دەترسام.. پێشکەشیو دیاری، تووشی هەستی زەجرو تاوانی دەکردم.. وای بۆدەچووم هەر خواستێك قەرەبوویەکی دەوێت. تەنها ئێستەیە کە تێدەگەم ئەو پووڵو پارەیە پیشاندەری ئاستی بەرزی بڕواو متمانەی تۆ بوو بە خۆمو کارەکانم.

گوێبگرە.. گەلیّ لە پارە زۆرتر.. تۆ بەخشیشی ژیانت پێبەخشیوم، من ژیانم بە بیّ ئەو شۆرو ئەشقە ناوێت، ئەم ڕۆژانە، خەڵك هەموو مردوون، چوونکە کەسێك شکنابەن کە خۆشیان بوێت.

٢٦/نیسان/١٩١٤

(٦١)

ماری گیان، دەمەوێ گرینگترینی ئەو شتانەت پیشانبدەم کە لە ژیانی خۆمدا وێنەم کێشاوە: تابلۆیەك _ هەڵێنجراو لە ناخی بیرەوەریەکان _ لە دایکم. وێنەیەکە لە ڕۆحی ئەو، بەبێ فێڵی جوانکاریو تەکنیکی وێنەکێشان و....، ئەم وێنەیە، ئەو هەر بەو شێوەیە پیشاندەدات کە من دەمەوێت.. ڕۆحی ئەو، لەوێدایە هەر بەهەمان پیرۆزیو مەزنێتیی ساکاری خۆیەوە.

تەنیا کاتێ دەتوانم دایکم ببینم کە چاوەکانم نووقاندبن.

وێنە چییە؟.. پەرەپێدانو فراوانکردنی بینایی، هەروەك چۆن مۆسیقا هەمان فراوانکردنی بیستاییە. کاتێ شتێك دادەهێنم، حەزدەکەم هەمووان بیر بکەنەوە: جیهانی دیکە.. بێدەنگی.. جیایی.. تەنهاییو پانتایی دیکەش هەن، شوێنێك کە ژیان لەوپەڕی گورج وگۆڵیو توندوتۆڵییەوە خۆی دەنوێنێ.. وەرە با بەرەو ئەوێ بڕۆین.

٢٠/حوزەیران/١٩١٤

(٦٢)

ماری گیان، پێموایە بەهەڵەدا چوویت، لەوەدا کە پێتوایە دەکرێ پێش بە دروستبوونی پەیوەندییەکی نزیکترو خۆمانەتر بگرین لەنێوان منو تۆدا.

له ڕوانگەی ئیحساسەوە، سێ شت مرۆڤ ڕێنوێنی دەکات: لۆژیك و دڵ و هەوەس. هەرکام لەم سێ شتە لە زەمەنێکی دیاریکراودا جڵەوی ژیان ڕادەکێشن.. ساڵەهای ساڵ، تەنیا دڵ و لۆژیك ڕێنمای من بوون، بەڵام ئێستا...!

پێتگوتم: خەلیلی ئازیز، با هەموو شت بخەینە سبەی و سبەینێ، من لەوکاتانەدا هەست بە بچووکی و خاوی دەکەم، تۆ، وا لەگەڵ کێشە گرینگەکاندا دەجووڵێیەوە کە وەك بڵێی هەر هیچ نەبن.

من ئاشقم.. من داوای شتێکی زیاتر لەوە دەکەم کە تۆ دەتەوێ. هەرجارێك کە یەکدی دەبینین، تۆ سەرتاسەری ئەو کەش و پانتاییە بە جێی من پڕ دەکەیەوە.

من ئاشقم و دەشزانم کە نزیکبوونەوە، کاتی تایبەتی خۆی هەیە و دواییش تێدەپەڕێت.

نامەوێ هیچ خاڵێکی گرینگ لە نێوان من و تۆدا لە بیر بکرێ، چوونکە نازانین دوای ئەم چرکەیە چی ڕوودەدات.. پەیوەندیی ئێمە زۆرو بەهێزە بەڵام نازانم ئەم پەیوەندییە کەی و لە کوێدا دەتوانێ سنوورە بەربەستکارانەکانی ئەشق ببڕێت.

بەهەرحاڵ، خۆم دەسپێرمە دەستەکانی تۆ. مرۆڤێك تەنیا کاتێ دەتوانێ خۆی بسپێرێتە دەستی کەسێکیدی کە ئەوینەکەی وەکوو

ئەوەی من مەزن بێت.. کە ئەنجامی ئەم خۆ پێسپاردنو تەسلیم بوونە هەمان ئازادیی موتلەق بێت.

منیش ئاشقم، ئەویش بەهەموو وجوودمەوە: قژەکانم.. نینۆکەکانم، هەموویان لێوڕێژن لەم ئەشقەم بۆ تۆ، ماری.

٢٠/حوزەیران/١٩١٤

(٦٣)

(...)

بە خەلیلم گوت: بۆریی ئاوە گەرمەکە تێکچووە.

خەلیل گوتی: " شتێکی تا ئەو ڕادەیە سەختو سفتو محکەم کە وەکوو قیتارێك بەرەو لای سەرووی لووتکە دەکشێ.. ناشکێتو تێکناچێ، تەنیا مەگەر بەهۆی بەستنی دڵۆپە ئاوەکانی ناوەوەی خۆیەوە بێت ". بیرم لەوە کردەوە کە هەموو شتێك هێزو توانای خۆڕاگریی خۆی هەیە.

(...)

٣١/کانونی یەکەم/١٩١٤

(٦٤)

کێشەی بنەڕەتیی مرۆڤ ئەوەیە کە چیی خۆشبوێت؟ ئەگەر ئێمە ڕێگەچارەیەکمان بۆ دۆزییەوە، بەجۆرێك کە هەموو کەسو هەموو شتمان خۆشبوێت، ئەوا تێدەگەین کە هەقیقەت خوازیاری

ئـەو چەشـنـە خۆشویـستنەیەو ئیـدی هـیچ خۆشەویـستییەکی هەتاییتر بوونی نییە.

٢/شوبات/١٩١٥

**(٦٥)**

پێموایە هیچکات بڕوات نەکردبێ بەو وشە ئاشقانەگەلەی کـە دەرم بڕیون یاخود ئەو وشە زۆرانەی کە هێشتاش نەموێراوە دەریان ببڕم، شێوازی ئەشقو خۆشەویستیی مـن بـۆ تـۆ ئاوەهـا ئـاڵۆزە! ئێستا تێدەگەم کە چەندە زەجرت کێشاوەو چ شتگەلێکیش ڕۆڵیان هەبووە لە لێکدی دوور هێشتنەوەی درێژخایەنی ئێمەدا.

بۆ چەند چرکەیەك بڕوام بەوە هێنا کە: ئەوەی بـڕوات هـەرگیز ناگەڕێتەوە، پاشان پرسیم: ئایا رۆحی ئێمە خاوەنی لۆژیکە؟.. هیچ وەڵامـێکم نەبیـست، بـەڵام چـەند سـاتێك دواتـر بـیری کێوێـك لەبەرامبەرمدا قوت بۆوەو تێگەیشتم کە تاوانی دڵـی مـن نییـە بەڵکوو تاوانی ئەو کێوەیە.

لەبەر ئەو هەموو شتەی کە ویستوومە وێرانی بکـەم.. لەبـەر ئەو ڕەنجو ئازارەی کە بۆ تۆم دروست کـردووە، لـێم بـوورە. بـەنی دڵەکەم، خەلیل، دەڵێـی بـۆ تـۆ نانووسـم بـەڵکوو لەگـەڵ تـۆدا دەنووسم، بەمچەشنەش ڕۆژگارم ئـارامترە چـوونکە تـۆ هەمیـشە لەگەڵمدای.

لەو کێوستانەدا، بۆ هەرکوێ بڕۆم، دەتوانم هەمیشە گـوێم لـە چۆڕەی ئاوی ناو جۆبارەکان بێت، هەربەو شێوەیەش لەهـەرکوێ بم دەتوانم هەستو ئیحساسەکانی تۆ بناسمەوە کـە بـەرەو دڵـی خـۆم بەڕێوەن. خواوەند بتپارێزێ.. خواوەند بمانپارێزێ.

١٨/نیسان

**(٦٦)**

لەسەر مێزی نـانخواردن، لـەپاڵ کەسـێکدا دادەنیـشم. لـەناو هــەموو ئــەو کەســانەدا کــە لەســەر ئــەو مێــزە دانیــشتوون، تەنیاییەکی قووڵ هەست پێدەکرێ، لـەوێ هەرکـەس حـەزدەکات باسی خۆی بکات، لەگەڵ ئافرەتێکدا سەری قسە دەکەمەوەو دێڵم تا قــسە بکــات، دوای چــەند ســاتێك دەڵــێ: ســەرەنجام یــەکێکم دۆزییەوە کە دەرکم بکات!

پاشان داوام لێدەکات بۆ خواردنی شیوی دواتریش هەر بڕۆمەوە ئەوێ، جاری یەکەمو دووەم نارۆم بەڵام بەهەرحاڵ بۆجـاری سـێیەم دەڕۆم، چونکە نامەوێ بێ ئـەدەب بم. تێدەگـەم کـە ئـەم ئافرەتـە دەیەوێ من ببمە بەشێك لـەژیانی، حـەز دەکـات زۆرتـر بمبینـێ، زۆرتر باسی خۆیم بۆ بکات! باسی ڕۆژگاری وەك یـەكو یـەکجۆرو دووبارە بووی، باسی کێـشەو سـکاڵاکانی... و، مێـردی کـردووەو هەمیشە دووپاتی دەکاتەوە: هاوسەرەکەم پیـاوێکی چـاکە، بـەڵام گوێ ناداتە قسەکانی من...و بەمچەشنەش بیست سـاڵی ڕەبەقـە

کەمن لەگەڵ غەوارەیەکدا دەژیم...و شتی دیکەو ئیدی درێژەی قسەکانی لەمەڕ خۆیو گیروگرفتەکانی خۆی. من نامەوێ ئەم شتانە هەردەم لەژیانمدا دووبارە ببنەوە! خەریکە گەیشتوومەتە دەرکو ناسینی دیتران، خۆم هۆگریانم بەڵام لە بوارێکی گشتیتردا... وەکوو بەشێك لەگەردوون. ئەوەم بەلاوە گرینگە کەئەوانیش هۆگری من بن بەڵام ناتوانم بهێڵم ئەم هۆگریو خۆشویستنە ببێتە هۆی زاڵبوونو سەپاندنی دیتران بەسەر مندا. لەگەڵ تۆدا هەموو شتێك جیاوازە، جوانو پڕ خۆشەویستیە،و من ئەو تەسلیم بووەی خۆمم خۆشدەوێت. زۆرجار بەبێ ئەوەی سەری باسێکمان کردبێتەوە، ئەوە دەرك دەکەمو تێیدەگەم کەتۆ دەیڵێی... بەر لەوەی ئاماژە بەسەرەتای رستەیەك بکەیت، من گەیشتوومەتە کۆتاییەکەی. بەبڕوای من، ئەمەش پەیوەندیی بەو ماوە زەمەنیەوە نیەکە پێکەوەین، بەڵکوو بەستراوە بەو ئامادەگییەوە کەلەو ماوەیەدا بۆ گەشەو پێشکەوتن هەمانە.

٢٨ /ئاب/ ١٩١٧

**(٦٧)**

**لە خۆم دەپرسم: ئایا دایکی عیسا تا چ ئەندازە ئاگاداری کەرامەتی کوڕەکەی بوو؟**

به دڵنیاییەوە، زانیویەتی کە کوڕەکەی سەرچاوەی گیروگرفتە بەڵام لەهەمان حاڵیشدا مرۆڤێکی چاكو بەڕێز بووە. پاش مەرگی عیسا،و بەهۆی لایەنگریی هاوڕێو شوێنکەوتووەکانی،دەبا مریەم زۆرتر پەی بەوە ببردایە کەئەو لەژیانیدا هەیبووە. ڕۆژێك دادێ کەبتوانین مەسیح هەروەکوو مەشخەڵێك بناسین، مەشخەڵێك کەتیایدا هەموو شتێك لەشەوقی ژیاندا دەتوێتەوە. ڕەنگە سوکرات پەیوەندییەکی زیهنیی هەرەباڵای لەگەڵ قوتابیەکانی هەبووبێ، بەڵام عیسا دەیهێشت تا قوتابیەکانی هەستی پێبکەن، بزانە چیی پێکردن؟: یوحەنا بووە شاعیرێکی پایەبڵند، پۆڵۆس جیهانی تەی کرد. میکل ئانژ تەنیا تۆزقاڵێك باشتر بوو لەو وێنە کێشانەی کەپاش خۆی هاتن، بەڵام ئەمرۆ بەجوانی ئەو ڕێگایە دەناسرێتەوە کەئەو پیایدا ڕۆیشت. مەسیح ئەندێشەی مرۆڤی گۆڕیو مرۆڤەکانیش هەر بەهۆیەوە ڕێگەیەکی نوێیان دۆزییەوە.

٦ /کانونی یەکەم/١٩١٨

**(٦٨)**

ڕۆحێکی مەزنو پێگەیشتوو هەمیشە بەبەرپرسیارێتیەکی گەورەوە لەدایکبووەو بەڕای من هەموو مرۆڤێکیش بەرپرسیارێتیەکی هەیە، دەبێ ساڵیانی ساڵ تێپەڕن تا مرۆڤ تێبگات کەتەنهایە، هیچ مرۆڤێك ناتوانێ بوون ببەخشێتە خواستو بەڵگەی تاکە کەسیی خۆی بۆ ژیان، لەسەدا هەشتای

سەرجەم ڕێژەکەدا مرۆڤەکان دووردەکەونەوە لەو ژیانەوی کەلە سەردەمی منداڵیاندا دەیانخواست. دەگمەنن ئەو مرۆڤانەی لەبەرانبەر گوشارەکانی ئەم جیهانەدا خۆیان ڕابگرن‌و هێشتاش بتوانن لەوەی کەدەیلێن یاخود ئەنجامی دەدەن زەڕەیەك لەزاتی ڕاستەقینەی خۆیان بهێڵنەوە.

٦ /کانونی یەکەم/ ١٩١٨

**(٦٩)**

***{ڕۆژی شەشەمی مانگی مە، جیران‌و ماری هەسکڵ بۆ یەکەمجار باسی ناوەڕۆکی کتێبی ـ پێغەمبەر ـ دەکەن، کتێبێك کەبڕیار وایە لەسەرتاسەری جیهاندا ناوبانگ دەربکات}:***

خەلیل پێی گوتم: لەماوەی ئەم هەژدە مانگەدا ئیشم لەسەر شتێك کرد کە لەناخمدا گەشەی دەکردو سەرەنجام خۆی وەکوو کتێبێکی بیست‌و یەك بەشی پیشاندا کە ئێستاش شازدە بەشیم نووسیوەتەوە. خەلیل بیروڕای خۆیی لەمەڕ ئەو پێشەکییەی کەهێشتا نەینووسیبوو بەجۆرە دەربڕی: لەشارێکی گەرم‌و بەریندا، پیاوێك ـــ شاعیر، ئیلهامزەدە یا پێغەمبەر ـــ لە بیاباندا دەژی. شاری خۆشدەوێت، بەڵام ئەو خۆشەویستیە بۆ نزیك بوونەوەی دانیشتوانی شار لەئەو بەست نیە، ئەوان دەزانن کە بوونی ئەو لەو شوێنەدا کاتییەو ڕۆژێك لێدەداو دەڕوات.

بەیانیەك، گەمییەك نزیك دەبێتەوە، هیـچکەس هـیچ نالێـت، بەڵام هەموویان دەزانن کەدەبێ ئەو پیاوە لەوێدا بدۆزنەوە... ئێستا ئیدی، کاتێ دەیەوێ ئەوان بۆ هەمیشە بەجێ بهێڵـێ، هـەموویان لێی نزیك دەکەونەوەو تکای لێدەکەن تا ئەوشـتەیان فێـر بکـات کەخۆی لەو چەند ساڵەی تەنیاییدا فێری بووە. یەکێکیان دەڵێت: لەمەڕ دۆسـتایەتی قـسەمان بۆبکـە و...، خـەلیل هەنـدێ لـەو بەشانەی بۆ خوێندمەوەو ئێمـە کتێبـی (ئامۆژگارییـەکان)مـان دەسپێکرد. دواتر گوتم: دەزانی هەرچی لەناوەڕۆکی ئـەم کتێبـەدا نووسراوە، بەرهەمی قسەکانی منو تۆیە لەم چەند ساڵەدا؟))

کاتێ ئەو باسی ئەو ئیلهامزەدە یاخود پێغەمبەرەی ناو کتێبی ئامۆژگاریـەکانی بـۆکردمو وەسـفی پەیوەنـدیی ئـەوی لەگـەڵ شارەکەدا کرد، هەستم کرد کەئەو خەریکـە باسـی خـودی خـۆی دەکات.

٦ /مایس/ ١٠١٨

(٧٠)

سـەردەمێك... پیـاوێکم دەبینـی کەلـەنزیکی ئورشـەلیم دادەنیشت. هەرکاتێ بەوێدا تێپەڕم بکردبا، ئەو هەر لـەوێ بـوو، لەشـارەزاکەمم دەپرسـی: ئـەوە کێیـە؟، ئـەویش بەپێکەنینـەوە دەیگوت: پیرەمێردێکی دێوانەو شێواوە. دواتـر هەوڵمـدا نزیکـی بکەومەوە... لێم پرسی: چ دەکەی؟

پیرەمێرد وەڵامی دامەوە: سەیری بیابانەکان دەکەم.
پرسیم ئیتر چی؟
گوتی: ئایا هەر ئەوەندە بەس نیە بۆ ناسینی ژیان؟!
ئاوا وەڵامی دامەوە ئەو پیاوەی کەبەشێتیان دەزانی. ئێمە لەشەڕداین لەگەڵ ئاڵۆزییەکانداو لەبیرمان چووە کەسەیر کردنی بیابانەکان پتر لەهەموو شتێکیدی بەستە بۆ ناسینی خواوەند.
١ /ئەیلول/ ١٩١٨

{لەساڵی ١٩١٩دا پەیوەندیی نێوان ماری هەسکڵو جبران خەلیل جبران ئەوەندە لێك نزیكو تێکەڵ دەبێت کە لەنامەنووسین بۆ یەکدی دادەبڕنو لەو ماوەیەدا دەبینین تەنیا سێ نامە لەنێوانیاندا ئاڵوگۆڕ کراوە کەهەرسێکیشیان هی مارینو لەیەکەمو دووەمیاندا ماری داوای تابلۆیەکی سیمبولیکی لە جبران کردووە کەبۆی دروست بکات بۆ فێر کردنی قوتابییەکانیو باسی لایەنە سیمبولیکیەکەشی بۆ کردووە... تابلۆکە بریتیە لەئەڵقەیەك کەتیایدا دەستێك کراوەیەو گوڵێکی سوور لەناو لەپی دەستەکەدایە. سێیەمینیش یادەوەریەکی خودی ماریە کەتێیدا باسی دیدارێکی خۆیو ماری دەکاتو گوایە جبران پێیدەڵێت: دەمەوێ ساڵی دادێ

کتێبی ئامۆژگارییەکان چاپ بکەمو بەتەمایشم ناوەکەشی بگۆڕمو بیکەمە (پێغەمبەر)}.

(٧١)

هەموو گیانم لێوڕێژە لە (پێغەمبەر). لەم کتێبەدا بیرو هزرێکی تایبەتم خستوونەتە داو لەگەڵ ئاواتەکانیشم بۆ ژیان بەپێی ئەو شتانەی کە نووسیومن. لەڕاستیدا هەرلەتەمەنی چواردە ساڵیمەوە هەوڵمدا ڕووبەڕووی پێغەمبەر ببمەوە، بەلاّم تەنها ئێستایە کە ئاگاداری هەندێ هەقیقەتی ناو ژیانی خۆم بوومەتەوە، ئەو ڕاستیانە خۆیان لەو کتێبەدا دەرخستووە... ئەم کتێبە خەریکە هەموو گیانم سەراوژێر دەکات. پتر لەهەموو کاتێ خەڵکم خۆشدەوێ... گەرچی هێشتاش هەر هەست بەتەنیایی دەکەمو دەشزانم کەبۆ خەڵك هاوڕێیەکی چاك نیم... مەگەر تەنیا بۆتۆ، بەلاّم فێری خۆشویستن بووم. کاتێ کەدڵگەرم نەبین یا ئەو کاتەی کەهەستێکی چاکمان نەبێت، هەردەم هەوڵ دەدەین خۆمان سەرقاڵ بکەینو نەهێڵین گەشەی دەروونیمان بەئەنجام بگات، چونکە هەرلە هەوڵی دەمکوتو سەرکوتو کۆتو بەند کردنداین.

چ گەمژانەیە! هیچکات نابێ بڵێین: دەمەوێ لە فلاّن بواردا گەشە بکەم. یا: ئێستا دەمەوێ لەبوارەکەیتردا بکەومە جموجووڵو

گەڕانو دۆزینەوە... دەبێ خۆمان تەسلیمی گەشەی بوارێك بكـەین کەخۆی دەمانباتو ڕامان دەکێشێ!

١٨ /نیسان/ ١٩٢٠

(٧٢)

ژیان گەلێ توانج ئامێزە... زۆرجـار کاتــێ دەمانــەوێ دڵنــەرمو لەسەرخۆبین، سووکایەتیو بی حورمەتی بە دیتران دەکەین. دەبــێ کاتی گفتوگۆ کردن لەگەڵ خەڵکدا زۆر وردو خۆپارێز بین. ئەگەر بەکەسێك بڵێین (وامدەزانی ئێوەش وابیری لێدەکەنەوە... بــەڵام کاتێ تەجروبەی زۆرترتان وەدەست هێنا، باشتر لەم بابەتە دەگەن)، ئەو کەسە تووڕە دەبێتو وەك پریشکی ئاگر بەئاسمانــدا دەپــەڕێت. بەڵام ئەگەر بڵێین: (قسەی قۆڕ دەکەی) هەمان ئەو کەسە هەموو سەرنجی خۆیمان دەداتێو تا ئێوارە لەگەڵمانا دەکەوێتە گفتوگۆ!

١٨ /نیسان/ ١٩٢٠

(٧٣)

خەریکی نووسینی بەشێك لە (پێغەمبەر)م، ئەو بەشــەی کــە باس لەتاوانو سزا دەکات. ناتوانم لەبەرانبەر تاوانباراندا خۆم گێل بکەم... هەمیشە ئەو لاپەڕانەی ڕۆژنامەکان دەخوێنمەوە کەباســی پۆلیسو تاوانباران دەکەن. کاتێ هەواڵی کلاوەتکاریەك دەبیســتم، هەست دەکەم خۆم تیایدا بەشدار بووم، پەڵەیــەکی تــاوان دەبێتــە هۆی ئەوەی کە تەنانەت خودی خۆیشم بە قاتڵ بــزانم. هــەرجارێك

**که مرۆڤێـك كـارێكی نادروسـت دەكـات، ئێمـەیش هــەمووما‌ن هــەمان كـار دەكـەین... ئــەوەی لەسەرتاســەری زەویــدا ڕوودەدات ڕەنگدانەوەیەكە لەهەستو ئیحساسی یەك بەیــەكی دانیــشتوانی ئەم گۆی زەویە. ئێمە لە (هەمو) داینو (هەموو)یش لە ئێمــەدا. شاعیرێكو بكوژێكیش لەناو دڵی هەموو مرۆڤێكدا دەژین.**

٢٠ /نیسان/ ١٩٢٠

**(٧٤)**

**ئەشق لە (بــوون)ی خــۆی ئاگایــە، ئەنگێزەیــەكی داهێنــەرە، ئامانجێكی دیكەی نیە جگەلە لێوڕێژ بوون لەخۆی. مرۆڤ لەهــەر هەموو ناتەواوییەكانی خۆیدا كامڵــە. دەبــێ ئــەوە قبــوڵ بكــەم: ئەگەر واپیشان بدرێت كەكەسێك لەئاراستەیەكی دیاریكراودا زۆر بەهێمنی هەنگاو دەنێ، بەم هۆیەوەیەكە تاقە دەرفــەتی پێــشڕەوی ئەو، لەم ڕێگایەدا هەر ئەوەندەیە... هەمان ئــەو هاوكێــشەیە لــە ئەشقیشدا هەیە.**

٢١ /نیسان/ ١٩٢٠

**(٧٥)**

**شەوێكی خۆشم لە ئەنجومــەنی زانــستو هونــەردا بــردە ســەر (دەبلیو.بی.ییتس)یش لەگەڵ خێزانەكەیــدا لــەوێ بــوو هەنــدێ لەشیعرەكانی بۆ خوێندینەوە. ئەو ژنــە، زۆر ســەیرە... كاتــێ كــە ییتس شیعرەكانی خۆی دەخوێندەوە، ئەو، داگیراوو بێ حاڵەت بوو،**

کەچی کاتێ پێکەوە لەسەر مێزی نان خــواردن دانیــشتین، گــەڵێ سەر زیندوو، هۆگرو زۆر دانا کەوتە بەرچاوم. دەڵێی بیتس دەرکی بەگرینگیی ئــەو ژنــە کــردووە لــەژیانی خۆیــدا. ئامــانجی ژیــان، هەمیشە خۆی لەنیوەی(مێینــە)دا پیــشاندەدات، ئەمــەش تاقــە ڕێگای مرۆڤە بۆ دەرك‌و ناسینی ئەرکی سەرشانی خۆی.

٢٠ /مایس/ ١٩٢٠

**(٧٦)**

هــەر بابــەتێکی نــوێ لەســەرتاوە بەســەرگەرمیەکی دیکــە تێدەگەین. کەمکــەم ئــەم نوێیەتیــەش لــە سرشــتی وشــیارماندا تێدەپەڕێت‌و دواییش فەرامۆش دەکرێ. سەرەڕای ئەوەش تــا زۆرتــر لەبیری دەکەین، زۆرتر دزە دەکاتە ناو نــاخی ناوشــیارمان‌و ئیــدی تۆزێك جیاواز دەبین لەگەڵ ئەوەی کەپێشتر هەبووین. هــەر شــتێك کەبۆ یەکجاریش لەلامان زیندوو بووبێت، ئیــدی هــەرگیز لــەنێو ناچێت. لەسەر ئەم گۆی زەوییەدا، هیچ کۆتاییەك بۆ هیچ شــتێك لەئارادا نیــە... کــەوابووو بۆچــی هــەوڵی دەرك کــردن‌و ناســینی دەسپێك بدەین؟.

٢٢ /مایس/ ١٩٢٠

**(٧٧)**

تاقە شێوازی پاساودانەوەی ژیانی ڕۆژانەی ئێمە، خۆشویــستن‌و کارکردنە بە چاکترین بەشی (بوون)مانــەوە. دەبــێ نــاخی دڵمــان

بخەینە کارو جیهان بە چاوێك ببینین کە فرمێسك ــ چ بۆ شادیو چ بەهۆی حوزنەوە ــ هەمیشە لێی دەڕژێ. شاعیرگەلێك دەناسم کەهیچکات خۆیان بەتەواوەتی ئاشکرا ناکەن، چونکە لەوە دەترسن کەبناسرێنو تەنها بمێننەوە، ئەوەیان ناوێ... چوونکە لە نرخو بایەخی هاوڕێیەکی چاك بێئاگان.

بە پێچەوانەوە... ئەم تەنهاییە، هەمان ئەو شتەیە کە مرۆڤ ڕادەکێشێتو سەرسامی دەکات. من ستایشی تەنیایی دەکەم... ئەو کاتەی کەلەناو خەڵکدام و، لەگەڵ ئەوەشدا تەنهاییو گۆشەگیریی دڵخوازی خۆم دەپارێزم، دەشتوانم لەلایەن خۆمەوە هەمووانم خۆشبوێن، سەرەڕای هەموو هەڵەو کەموکوڕیەکانیشیان. بەڵام گەر ئەو خەڵکە بیانەوێ من دەست لە تەنهایی دەروونیی خۆم هەڵگرم... لەبەر ئەوەی ئەوان هەست بەتەنهایی نەکەن...، ئەوا سیحری ئەم ئەشقەش ون دەبێت.

٢٠/ئاب/ ١٩٢٠

## (٧٨)

من خۆم نموونەیەکم لە سەرشێتی. ئەگەر هەرهەموو جیهان کۆببێتەوە تا پێم بڵێت کە ڕۆح لەگەڵ لەشدا دەمرێ، بچوکترین کاریگەریی لەسەر بیروبڕوام نابێت، چونکە دەزانمو دڵنیام کە ڕۆحی من نامرێت. ئێستا خەریکی بەشێکی دیکەی (پێغەمبەر)م ئەو بەشەی کەباس لەژیانی هاوبەشو هاوسەرێتی

دەکات... دەڵێم: ژن و پیاو دەتوانن پیاڵەی یەکدی پڕ بکەن بەلام پێکەوە لەیەك پیاڵەدا ناخۆنەوە. دەمەوێ چی بڵێم؟... ئەوەی کە ژن و پیاوێك ناتوانن وەکوو یەك بژین... ئەگەر بەهۆی ئەشقەوە، پێکەوە کارێك دەست پێبکەن، لەئاکامدا دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە ڕێگاکەیان بەرەو ڕق و کینە کۆتایی دێت.

٢٧/ئاب/١٩٢٠

(٧٩)

هەر شتێك کەپێشتر نووسیومە، ئێستا ڕەنگدانەوەیەك نیە لە تێڕوانینی ئەمڕۆم سەرەڕای ئەمەش کاتێ دەیانهێنمە سەر کاغەز، دەبینم کەبۆ من (هەقیقەت) بوون و دەبێ بهێڵم هەروا بمێنمەوە. ژیانی من وەکوو پیاسەیەك بەرەو شاری پیرۆزە. بەرهەمی من بێگانەیەکە کەلە یەکەمین ڕۆژی سەفەرەکەمدا دەیبینم... لەم دیدارەی یەکەمجارمدا، ئەو بێگانەیە تاڵ و غەمبار دیارە... ڕۆژی دووەم تاڵیەکەی کەمتر بووەتەوە و لەشاری پیرۆزیش نزیکتر بووینەتەوە... ڕۆژی سێیەم کەمکەم شادی پێوە دیار دەکەوێت و ڕۆژەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەم شادترو خۆشحاڵتر دەنوێنێ... لەحەوتەمین ڕۆژی سەفەرەکەماندا دەکەوینە قسەو گفتوگۆ لەمەڕ ئەستێرەکان و کاتێکیش دەگەینە شاری پیرۆز، ئیدی یەکتری نابینینەوە، چونکە ئەو هەر لەڕێوە بەرەو پەرستگە دەچێت تا خۆی پێشکەشی خواوەند بکات.

٣/ئەیلول/١٩٢٠

(٨٠)

توانای ژیان بەستراوە بەچۆنیەتیی ڕوانینــی ئێمــەوە بــۆ ژیــان. وێنەکێشی واهەن کە دەیانەوێ جوانیی ئەو قاپە ترێیــە بدۆزنــەوە کەبەسەر مێزێکەوە دانراوە، پاشان هەوڵ دەدەن بە هەموو جوانیو ڕەنگو درەوشانەوەیو شکڵو شێوازەکەی وێنەی بکێشن. ئێمــەش، کاتێ کەچاو دەبڕینــە ئــەو تابلۆیــەی کەبەرهــەمی ئــەو هــەموو هەوڵو ماندوو بوونــەی وێنــەگرە، دەبــێ بــیر لــە ڕەزە مێوەکــانی خۆمان بکەینەوە کــە: چــۆن دەڕۆیــن... چــۆن پێدەگــەین... چــۆن دەیانچنین؟، دەبێ بیر لــەو مەیخانەیــە بکەینــەوە کەشــەرابی ئــەو ترێیەی تێدا دەفرۆشرێت، بیر لەو (دەم)انە بکەینەوە کە دەچەشنو دەینۆشن، ئینجا دەبێ تێبگەین کەهەرکام لەو شتانە لەشوێنێکی جیــاوازەوە هــاتوونو لەهەمانکاتــدا هــەر هەمووشــیان لــەناو قاپێکدان، دەبێ کاتێ سەیری قاپەکە دەکەینو دەزانین کــە هیــی (چین)ە، هەموو ئەو شتانە وەبــیر بهێنینــەوە کــە فێریــان بــووین، دواتر سەیری ئەو مێزە بکەین کە قاپەکەی لەسەر دانراوە، بیر لەو دارە بکەینەوە کە مێزەکەی لێ دروســت کــراوە... بــیر لــەو کەســە بکەین کە دارەکــەی بڕیوەتــەوەو هــەرواش بــیر لەشــوێنی ژیــانی دارتاشو خێزانەکەشی بکەینەوە. ئەم جۆرە ڕوانینە بــۆ شــتەکان، خەیاڵ پڕبــارترو دەوڵەمــەنــدتر دەکــات تــا هــەوڵی گەیــشتن بــە

جیهانێکی هەرە مەزنو دەوڵەمەندتر بدەین. منداڵەکان دەبێ فێری ئەمجۆرە تێڕوانینو بیرکردنەوەیە بن.

٣/ئەیلول/١٩٢٠

**(٨١)**

بیر لە مەسیح دەکەمەوە.

لە دووەمین یا سێیەمین سەدەی پاش مەرگی، هیچکەس بەو ڕادەیە بەتوانا نەبوو کەبتوانێ ئەو خواردنە وزەبەخشو گەشەدەرە بخوات کە ئەو بۆی دانابووین... بۆیە بانگەشەکارانی مەسیحیەت تەنها ئاوڕیان لەبەشە ئاسانترەکان یا ئەو هاوکێشە سەرەتاییانە دایەوە کەدەیانتوانی بۆ مرۆڤ، ڕاهێنەراتر بن... لەو سەردەمەدا هیچکەس نەیدەتوانی بەڕاستی ئەو ئەرکە قورسە ئەنجام بدات کەمەسیح بەئێمەی سپاردبوو.

مەزترین ڕاهێنانی مەسیح ئەمەیە: مەلەکوتی خواوەند لەناخی ئێمەدایە، ئایا دەتوانی مرۆڤێکی داماو بێنیتە پێش چاو کەمەلەکوتی خواوەندی لەدڵدایە؟ منو تۆ ئەگەر کارێك نەکەین، ئەوا دەبینە دوو شتی بێنرخی پێکەوە بەستراو،و ئیدی چیمان هەیە؟... ڕۆحێکی بۆشو بێ ناوەڕۆك!. ئەگەر مرۆڤایەتی وابیر بکاتەوە کە نوێنەرایەتیی هیچ مەزنایەتیەك ناکات، ئەوا جیهان هیچکات پێش ناکەوێت... بەڵام قەڵەمڕەوی خواوەند لەدەروونی ئێمەدایە، کەوابوو دەبێ هێور ببینەوەو بهێڵین ناخی وجوودمان

ئارام بێت... لەو کاتەدایە تێدەگەین‌و کەشف دەکەین کە: ئەشق بوونی هەیە.

٧/ئەیلول/ ١٩٢٠

**(٨٢)**

ژیان، ئازایەتی‌و بوێریی پێویستە. تۆوێکی نەشکاو، هەمان ئەو تایبەتمەندییانەی هەیە کە شاخەیەکی نەوڕەس لەکاتی چەکەرە کردنیدا هەیەتی، لەگەڵ ئەمەشدا تەنها ئەوەیان دەتوانێ بگاتە ناو ژیانەوە کەچەکەرەی کردووەو پێستەکەی قڵیشاندووە، ئەم کارە جەسارەتێکی گەورەی دەوێت: کەشف کردنی ئەو ڕازەی کە مرۆڤ ناتوانێ بەتەجرووبەی دیتران بژی‌و ئەو حەزەشی تێدایە کەدڵ بەدەریا بسپێرێت، بۆ ئەوەی کە پێشتر بزانێ چی ڕوودەدات، ناتوانێ چاوو گوێ لەدیتران قەرز بکات... هەر بوونەوەرێك لەگەڵ ئەویدی جیاوازە. ئەمە ئارەزووی منە... ئاواتم ئەوەیە کە دڵێکی کراوەم هەبێت بۆ وەرگرتن... کە ئیدی لەوە نەترسم گەر قۆڵم بخەمە سەر شانەی کەسێك، لەوانەیە بیدڕێنم... کە ئیدی لەدەرەنجامی ئەو کارگەلە نەترسم کە پێشتر هیچکەس ئەنجامی نەداون. با ئەمرۆ نەزان بم، چونکە ئەم بەیانیە، هەموو ئەو شتەی کە هەمەو دەتوانم بیبەخشم، هەمان نەزانیە، دەکرێ بەم بۆنەیەوە سەزەنشت بکرێم، بەڵام هیچ بەلامەوە گرینگ نیە... سبەی کێ دەزانێ... لەوانەیە کەمتر نەزان بم. کاتێ دوو کەس دەگەنەیەك،

دەبێ وەکوو دوو نیلوپەڕی ئاوی بن کە تێکەڵی یەکدی دەبن، دەبێ هەرسەکەمان دڵی رووناکی پیشان بداتو هەوریشو ئاسمانیش لەپاڵیاندا خۆبنوێنن، ناتوانم لەوە تێبگەم کە بۆچی ڕووبەڕووبوونەوەو پێك گەیشتنەکان ئاوەژوون: بەدڵێکی داخراوو ترس لەڕەنجو ئازار! هەر کاتێك لەگەڵ تۆدام، چەندین کاتژمێر لەسەر یەك هەر پێکەوە قسە دەکەین. گەر دەمانەوێ کەزەمەن پێکەوە تێپەڕ بکەین، پێویستە هەوڵی شاردنەوەی هیچ شتێك نەدەینو هەروەك پەڕەی گوڵ بین: کراوەو سافو بێ پێچو پەنا.

١٠/ئەیلول/ ١٩٢٠

**(٨٣)**

هێزی ئیلاهی هەموو ئەو شتانەی داهێنان کەئێستا بوونیان هەیەو هاواری ژیانی خستە ناو دڵی هەموو بوونەوەرێکەوە... ناتوانی بایەخ بەو هاوارە نەدەیت کە تەمەنای دیداری خواوەند دەکات، دەبێ یارمەتیی ئەو جستوجۆیە بدەیتو بەشدار بیت لە ژیاندا.

تەنهایی یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی مرۆڤ، بەڵام بۆ ئەو کەسەی کەدەیەوێ گوێ ڕادێرێ، هاواری ژیان لەوێدایە... لەهەموو سووچێکیدا. هەرجار کەسێك لێم نزیك دەکەوێتەوەو لێمدەپرسێ: ئایا تۆ بڕوات بەخواوەند هەیە؟، تێدەگەم کەئەو کەسە بەنائومێدییەوە چاوەڕوانی پاڵنەرێکە تاوایلێبکات ئەویش

بڕوا بەخواوەند بهێنێ، بەڵام خۆ زاتی خواوەند پیشان نادرێت... من هەرگیز هەوڵ نادەم لەم بارەیەوە کەسێك قەناعەت پێ بهێنم... خوێندنەوەی جۆراوجۆر بۆ خواوەند دەکرێت کەهیچکامیشیان بەکار نایەن. هیچکەس ناتوانێ یاریدەدەر بێت بۆ دەرك کردنی نەبینراوێكو هەموو کەس تەنیا دەبێ بەرەو چارەنووسی شەخسیی خۆی بکەوێتە ڕێ.

١٤/ئەیلول/١٩٢٠

(٨٤)

(ڕۆژی دەی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٠، ماری هەسکڵ نامەیەکی دوورو درێژ بۆ جبران دەنووسێت کەخەمێکی گەورەی تێدا دەبنرێت... گوایە باوكو دایکی قوتابییەکانی داوای لابردنی تابلۆکانی جبرانیان کردووە بەدیواری قوتابخانەکەوەو پێیان وابووەکە ناوەرۆکی تابلۆکان لەبواری سێکسیەوە ورووژێنەرە، گەرچی لە ئوستوورەکانو لەبەشێك لە کتێبی پیرۆز وەرگیرابن). ماری لەبەشێکی نامەکەیدا دەنوسێت:

مندالّەکان دەبێ شانازی بکەن بەوەی کەدەتوانن لەو جەستە ڕووتانە ڕامێنن، بە وردبوونەوە لەم وێنانە پەی دەبەن بەوەی کە جەستەی مرۆڤ بۆ هەستی ئاسوودەییو ئارامشی خۆی دروست کراوە. ئەگەر سەیرێکی ئەو جەستە ڕووتانە حەزی سێکسیی ئەم

**کچانە دەورووژێنیّ، چ باك؟ چ شەرم لەحەزەکانمان؟! ترسی باوكو دایکی قوتابییەکان لەم تابلۆگەلە، بەجۆرێك دەتوانیّ بگاتە جیلی دواتریش".**

**(٨٥)**

**ماری خۆشەویستم، لاموایە لەم دۆخەدا ژیرانەترین کار ئەوەیەکە تابلۆیەکان لەویّ لابەریت... بۆمن زۆر گرانو دەرداوییە کەبزانم ئەو کارانەم بوونەتە هۆی دەردیسەری تۆ. ناتوانین سافیو بیّ غەلوغەشیی جەستەیەکی ڕووت فێری دیتران بکەین، دیتران خۆیان دەبیّ بیدۆزنەوە. ناتوانین خەڵك بۆ تێگەیشتنی حەقیقەتی گرینگایەتیی ژیان ڕێنموونی بکەین، ئەوان خۆیان دەبیّ کەشفی بکەنو تێبگەن کەتەنها بەشێك لە درەخت بەسەر زەمینەوەیەو دیکەی بەشەکانی لەژێرەوەی زەویدا پەنهانن. بۆچی بێگانەی بەرچاو تەنگ ببنە هۆی دژبەریەك لەنێوانماندا؟ ئەو شتەی ئەوان بۆی دەچنو هەستی پێدەکەن نابیّ کاربکاتە سەر ئێمەو نابیّ ئاسۆی ئێمەش لێڵ بکات.**

١١/تشرینی دووەم/١٩٢٠

**(٨٦)**

**عیسا، دوو ئەندێشەی هونەری هەنە: مەلەکوتی یەزدانو دادپەروەری لەسەر زەوی. قدیسەکان لەپێناو ئەوەی دووەم کوژران. عیسا، مەلەکوتی خواوەندی لەدڵی مرۆڤەکاندا بینی: ـــ**

جیهانێك لەجوانی، ڕاستیو شۆرو شەوق ــو هەر بۆ ئەوەش خۆی بەمەرگ سپارد، تا بیسەلمێنێ: تەنیا بەشەهید بوونی ئەوە کە ئێمە دەرك بە گرینگیی ئەو مەلەکووتە دەکەین. عیسا، بۆ ڕۆحانیەکانی دەرخست کەدەسەڵاتو هێزی زەمینیی بۆخۆی ناوێتو بەمچەشنەو بەسادەیی خۆی ڕزگار کرد، بەڵام ئەگەر پشتی لەمەرگ بکردبا، ئەوا قوربانیەکەی ناتەواو دەمایەوە... عیسا دەیزانی کەتەنێ قسەو راهێنانەکانی ئەو بەست نین، بۆیە بڕیاریدا خۆی تەسلیمی خاچ بکات تا دڵنیا بێت کە مەرگ، ڕاهێنانەکانی لە ئەندێشەی پەیڕەویەکانیدا بۆ تاهەتایە جێگیر دەکات. ئەو ئازایەتیو جوامێریی خۆی سەلماندو لەوانە هەڵنەهاتو خۆی نەشاردەوە کەبەدوایدا دەگەڕان، بەمجۆرەش توانیی پەیڕەوەکانی خۆی یەکگرتوو بکات بۆئەوەی لەبەرانبەر ئەو شتەدا کەئەو بۆ فێر کردنی هاتبوو، پێکەوە وەفادار بمێننەوە. بڕوای تەواوم هەیە بەو شتەی کەدەیڵێم... هەروەك چۆن دڵنیام کە عیسا دوابەدوای جەنگێکی هەرە قورس لەگەڵ ناخی خۆیدا، بڕیاری خۆ سپاردنە دەستی مەرگ داوە، ئەو مردو ئیدی ئەندێشەی مەلەکوتی یەزدانیش هیچکات لەدەست نەچوو لەبیر نەکرا.

٨/شوبات/١٩٢١

## (٨٧)

ژیان، هەرتەنها لایەنی مادی نیە، بەساڵاچووان دەتوانن گـەلێ لەگەنجەکان زیندووتربن، چونکە گەلێ ئەزموونیان زۆرترە. کێشەی پیری لەوەدایە کەخەڵك بەهۆی ترس لە مردن کە تادێ نـزیکتریش دەبێتەوە، توشی ترس دەبن لەژیانیش، تێناگەن کەئەوە هەڵگرتنی هەنگاوێکەو دەبێتە بنەمای هەڵگرتنی هەنگاوی دوایـی، نـازانن کە سروشت هیچکات ئیزنی بازدان بەسەر هەنگاوێکـدا نـادات.. وەك چۆن ناهێڵێ توولە نەمامـەکان بقڵیـشێنو بـشکێن، ئـاواش دەبێتە ڕێگر لـە مردنـی درەختـە پـیرو بەتەمەنـەکان. ئەمـەش شتێکە کـەپێی دەڵـێن (دیـسپلینی سروشـتیی ژیـان). زۆرجـار ڕووداوەکانی پاش مـەرگم هێناوەتـە بەرچـاوی خـۆم.. گەڕانـەوەی ئارامو لەسەرخۆ بـۆ توخمـەکانی خـاك، ڕزگـار بـوونێکی مەزنـە کەهەموو شتێك لەبێدەنگیو ئارامشدا دەگۆڕێت تا هەموو شتێك نوێ ببێتەوە. چوونە سەرەوەی تەمەن، ئەندامەکانی لەشم ئامـادە دەکات بۆ تێکەڵ بوون لەگەڵ خاکێکدا کەلێیەوە هاتووم. پـاییزی ئەندام، دەگاتە زستانو زستانیش بۆ هەستانەوەی بەهارێکی دیکە پێویـستە. هـەر بەمـشێوەیە ڕۆح هـەنگاوێکی دیکـە داوێـتو دەشزانێ کەهەر وەرزێك کەموکوڕیو چەندوچۆنیی خۆی هەیە.

١٢/ئاب/١٩٢١

(٨٨)

بکـــەوەرە شـــوێنی دڵـــت. دڵـــی تـــۆ بـــۆ هـــەر کـــارێکی مـــەزن ڕاستەقینەترین ڕێبەرتە. دڵی من زۆر سنووردارە. ئـەوەی دەتـەوێ ئەنجامی بدەیت، پێشتر بەهۆی ئەو توخمـە پێـشگۆیەی ناخمانـەوە دیاریکراوە. ئەو شتە هەرە قووڵە... ئەو دەرکە... ئەو ناسینە... ئەو زانستە... ئـەو هەسـتی یەکبوونـە، هـەمووی هەرلـەو یەکـەمین ساتەوە دەستی پێکرد کەتۆم بینی،و هێـشتاش هەروایـە، هێنـدە هەیە کە ئێستا هەزار ئەوەندە قووڵترو پڕ شـۆرترە، مـن تـۆم تـا ئەبەد خۆشدەوێ.. گەلێ پێش ئەوەی کەلـەم جەسـتە خاکیەمانـدا یەکـدی ببیـنین، تـۆم خۆشویـستووە، هـەر لەهـەمان دیـداری یەکەمجارماندا ئەمەم دەزانی، ئەوە چارەنووس بوو... ئێمە بەهەمان شێوە پێکەوە دەمێنینـەوەو هـیچ شـتێك ناتوانـێ لێکمـان جیـا بکاتەوە.

١٢/ئادار/١٩٢٢

(٨٩)

هەرکاتێك کە دووئەویندار دەگەنەیەك، لەڕاستیدا چوار دەنگ پێکەوە دەکەونە گفتوگـۆ. دووانیـان کـە بینـراون، پەیوەندیـەکی جیاوازیان هەیە لەو دوو دەنگەی کە نەبینراون. ڕەنگە دوو دەنگـە بینراوەکە خەریکی گفتوگۆیەکی تووڕەو تونـدو تیـژ بـن لەمـەڕ

کێشە ماددیەکان بەڵام ڕۆحەکانیان لەئاشتیدان و ئاواتی لێکنزیکتر بوونەوە دەخوازن.

١٤/نیسان/١٩٢٢

(٩٠)

دکتۆر سمیت دەڵێ: سەرەڕای لێدانە توندەکانی دڵم، هیچ کێشەیەکم نیە، تەنیا ئەوەندەیە کە دەبێ زۆرتر چاودێری دڵم بکەم کە کەم تا زۆر لەم ٢٠ ساڵەی ڕابردوودا هەر لەژێر گوشاردا بووە. گوتی: کار بکە... هەر کارێکت پێخۆشە بیکە... چی بەمێشکتدا دێت بینوسە، بەڵام هەوڵی ئەوە مەدە کەهەموو شتەکان پێکەوەو هاوکات تەواو بکەی... تەنیا لەڕۆژێکدا چوار کاتژمێر بۆ ئیشکردن تەرخان بکە. لەگەڵ ئەوانەشدا، دەبێ بڵێم کە گەورەترین ئازاری من ئەو دەردە جەستەییە نیە، وەك پێشتریش گوتوومە: شتێکی سەیر لە دەروونمدایە... هەمیشە ئاگاداری هەبوونی ئەو شتە بووم کەچی ناتوانم دەری بخەم... پێموایە (خود)ێکی خامۆش و گەورەترە، دانیشتووەو سەیری کەسێکیدی دەکات کەخەریکی هەموو کارێکە. هەر کارێك دەکەم، لەبەرامبەر ئەو کارەیدا کەبەڕاستی دەمتوانی بیکەم، بەلامەوە درۆییە. وەکوو ئەوە وایە ساڵیانی ساڵ چاوەڕوانی منداڵ بیت کەچی ئێستا منداڵەکە نەتوانێ لەدایك ببێ... هەمیشە خەریکی کارکردنم کەچی هیچ دەرەنجامێکم لێ دیارنیە. ئەگەر ئەوەی

کەدەمەوێ پیشانی جیهانی بدەم پێش مـردنم دەرنەکـەوێت، ئـەوا جارێکیدی دێمەوە دونیا... هەر چەندجار کە پێویست بێـت، مـن لەدایك دەبمەوە تائەو کارەم بگەیەنمە ئەنجام. ماری، دەزانم کـە تـۆ هەمیشە قسەی هەژێنەرم لەگەڵ دەکەیت، کەچی من هـەرکاتێك ئەو قسانەت دەبیستم هەست بەرەنجان دەکەم، چونکە تۆ باسی ئەو شتە دەکەیت کە من ئەنجامم داوە لەحاڵێکدا تەنیا من ئەو شـتە دەناسم کەتوانای ئەنجام دانیم هەیە.

٩/مایس/١٩٢٢

**(٩١)**

دەبێ شاعیرەکان گوێ بەئاوازی دەریا بسپێرن. ئـەو مۆسـیقایە لەسەرجەم قوتابخانەکانی چـاخی زێڕیـنـدا بـوونی هەیـە،و کاتـێ کەگوێی بۆ دەگری، لـەو سـەری ئاوازەکانیـەوە شـتێکیدی سـەر هەڵدێنێ، بەمچەشنە تۆ دەبیە بیـسەرێك‌و سـەرلەنوێ شـیکارو خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ قوتابخانەکانی ژیان دەدۆزیتەوە، تۆزێـك جیاواز لەو خوێندنەوانەی پێـشووترت. شـەپۆلەکانیش هـەر بـەم شێوەیە، دەبینی شەپۆلێك چۆن بە هـەموو هێزیـەوە بـەرەو پـێش دەخرۆشێت‌و هەرواکە کەفی پـژاو لەگـەڵ خـۆی بـڵاو دەکاتـەوە، بەسـەر بـەردو زیخـەکانی لێـوارەوە تێدەشـکێت‌و پاشـان نەرمـە شەپۆلێکی بچووك ــ بەچەشنە زەمزەمەیەکی تایبەتەوە ــ بـەرەو دەریا دەکشێتەوە، شەپۆلێکی دیکە هەڵدەستێت‌و لەگەڵ شـەپۆلە

بـچووكەكەدا پێكـدا دەدەن... لـەم كاتـەدا چەشـنە وەسـتانێك روودەدات، تۆزێ دواتر، شـەپۆلێكیدی دەخرۆشـێت‌و بەمـچەشنە، ئـەم هـاتن‌و گەڕانەوەیـە هـەر درێـژەی دەبێـت‌و بـۆ هەمیـشە بەردەوامە. ئەوەش مۆسیقایەكە، كـەدەبی فێـری بـبین... هـەموو شتێك هەمیشەو هەردەم دێت‌و دەڕوات‌و ئێمەش ناتوانین‌و نابێـت گوێی خۆمان لەئاست بیستنی ئاوازی بینین یا چرپەی خشەخـشی گیای دەشتودەرو گەڵای درەختەكاندا بئاخنین.

١٩/مایس/١٩٢٢

**(٩٢)**

بیر لەزیاد كردنی بابەتێك لەمەڕ جـوامێری بـۆ (پێغەمبـەر) دەكەمەوە. هەرهەموو دانیـشتوانی جیهـان حـەزیان لەبەخـشینی شتێكەو زۆرجاریش هیچكەس وەری ناگرێـت. دەكـرێ خانوویـەكم هەبێت‌و دەعوەتی خەڵك بكەم بۆ بینینی، ئـەوانیش دێـن... لـەو شتانە دەخۆن كەلە بەردەمیانا دایانـدەنێم... كـاتی قـسە كـردن، بیروڕاكانیشم لێوەردەگرن بەڵام هیچكات ناتوانن ئەو ئەشقەم لێوەر بگرن كە بۆتە هۆی ئەم داوەت‌و میوانداریيە. ئەشق شـتێكە كـە پترلە هەر شـتێكیدی حـەز دەكـەین حـەز دەكـەین هـەمانبێت‌و هەرواش زۆرتر لەهەر شـتێكیدی حـەز بـە بەخـشینی دەكـەین... هیچكەس، هیچكات تێناگـات كـە ئەشـق هـەمان ئـەو شـتەیە كەهەمیشە دەبەخشرێت بەڵام وەرناگیرێت‌و قبووڵ ناكرێت.

٣٠/مایس/١٩٢٢

## (٩٣)

**(لەدوایین نامەکاندا، ماری هەمیشە نیگەرانیی خۆی لەمەڕ خراپیی باری تەندروستیی جبران دەردەبڕێت):...**

ماری گیان، تۆ زۆر میهرەبانی، بەڵام دوو شت هەنە کەهەرگیز نابێ لەیاد بکرێن: یەکەم، سەبرو دانبەخۆدا گرتن ــ بەو واتایە کە بهێڵێن ڕووداوەکان بەهەمان ئاراستەی خۆیاندا بڕۆن ــ و دووەم، وەفاداری سەبارەت بەو شتەی کە ئارەزووی بۆ دەخوازین. خەڵك، لەبەر ئەوەی لێکدەچن، یانخود بەو هۆیەوەش کە یەکجار جیاوازن، یەکدیان خۆشدەوێ. مەرگ هیچ گرینگیەکی بۆ مرۆڤی سەرەتایی نەبوو... ئەوان ڕاهاتبوون لەسەر ئەوەی کەڕێز لەپێشینانی خۆیان بگرن... کە خۆراك بەرن بۆ ئەو گۆڕستانانەی کە باوکەکانیان تێدا نێژراون، هەموو شتێکیان سادەو ڕاستو ساکار دەبینیو دەیانزانی کەلەم دونیایەدا هەر شتێك دەگۆڕێت بەشتێکی دیکە بەڵام هیچکات لەژیان دانابڕێت... جەستە دەپووێتو پاشان دەبێتە درەخت. نە مرۆڤی سەرەتاییو نە هیچ مرۆڤێکی دیکە، بەڕاشکاوی بڕوایان بە مردن نییە.

لەم ژیانەدا، خواوەند لەڕێی تۆو بەهۆی تۆوە زۆر شتی پێبەخشیوم... دەبێ بۆت دڵگرو جوان بێت گەر بزانی هەروەکوو دەستەکانی خواوەند دەجوڵێیو کاردەکەیت، من ئەم دەستە

دەناسم... دەتوانم دەستی پێدا بهێنم... بیگرم‌و ئەو شتەی لێوەربگرم کە پێشکەشم دەکات. حەز دەکەم زیخێکی وردبم لە لێواری ڕووبارێکی مەزندا. خواوەند بتپارێزێ ماریی خۆشەویستم، هیوادارم فریشتەکانیشی هەردەم لەگەڵت بن چ لەزەوی‌و چ لەدەریادا.

١٦/حوزەیران/١٩٢٢

(٩٤)

هەموو ئەوینێك، هەمیشە مەزنترین‌و گرینگترین ئەشقی ئەم جیهانەیە. ئەویش خواردەمەنیەکی وەکوو کولیچە نیە کەبتوانین بیکەینە چەند بەشی گەورەو بچووك، تەنها (یەك)ەو ئەویش سەرتاپا ئەشقە.

ئاشکرایە، دەتوانی سەبارەت بەکەسێك بڵێیت: لەم جیهانەدا پترلە هەموو کەس‌و هەموو شتێکیدی خۆشمدەوێ، هەر هەموو ئەوانەش کە ئاشقن ــ بەهەر هۆیەك ــ لەم دانپیانانەدا ڕاستگۆن.

هەربەم پێیەشە کەدەتوانم بڵێم: پەیوەندیی ئێمە، جوانترین‌و شیرینترین ڕووداوی هەموو تەمەنم بووە. سەیرترین‌و سەرسوڕهێنەرترین شتێك کەلەژیانی کەسانی دیکەشدا دیتوومە، نەمرەو بۆتاهەتایە.

١١/ئەیلول/١٩٢٢

**(٩٥)**

**جیاوازی نێوان شـاعیرێكو پێغەمبـەرێك ئەوەیـە: پێغەمبـەر هەرچیمان فێـر دەكـات، خـۆی لەگەڵیـدا دەژی. شـاعیر وانیـە... دەتوانێ شیعری بەرزو ناب لەمەڕ ئەشـق بڵێـتو لەهەمانكاتـدا خۆی بەبێ ئەشق بژی. ئەگەر كەسێك ئاشق نەبوونی خۆی قـەبووڵ كرد، سەرەنجام دەبێتە شتێك كە هـەرگیز ئاشـق نـەبێت. هونـەر، هەوڵێكە بۆ ئەزموونكردنی ئەو شتەی كە مـرۆڤ خۆشـیدەوێت... لەهەرهەموو چاخەكاندا جوانیمان خۆشویستووە.**

**نەك هەر شتە جوانەكان چاكن، بەڵكوو هەرچی شتی چاكیشە جوانە.**

٣٠/ئەیلول تا ٧/تشرینی یەكەم/١٩٢٢

**(٩٦)**

**تۆزێك خۆم وەكوو دایكو باوكی تۆ دەزانمو بڕواشم وایە كە ئەم هەستە دوو لایەنەیە. ئێمە بووینەتە یەك، ماری، تۆ ڕۆچوویتە ناو ڕۆحی منەوەو من گەر بمەوێ لەخۆمت جیابكەمـەوە، ئـەوا دەبمـە وێرانگەرو تێكدەری خۆم. ئەم پەیوەندییە ئیدی هی ئێمـە نیـە... ئیدی ناتوانم بەبێ تـۆ، لـەكاری خیلقەتـدا خـۆم بەشـتێك بـزانم. ئەشق، دەبی بەڕادەی پێویست بـەهێز بێـت تـاكوو بتوانـێ ئـەوە تەجروبە بكات، هەست دەكەم، ئەو زەمـەنەی كەبەهۆی تۆوەو بۆتۆ ڕەنجم دەكێشا، فێری كـردم كـەزۆرتر لـەو فكـرەی خـۆم ڕامێـنم.**

تەنانەت وا دەزانم بەبێ ئەو زەمەنی ڕەنج کێشانەم، هیچ شتێك وەکوو ئەوەی ئێستا جوانو دڵگیرو بزوێنەر نەدەبوو.

٧/تشرینی یەکەم/١١٩٢٢

(٩٧)

لەهەموو تەمەنمدا تاقە ئافرەتێکم ناسیوە کەلەگەڵیدا هەستم بەسەربەستیی ڕۆحیو فکری کردبێتو توانیبێتم تەنها خۆم بم... ئەویش تۆیت. یەزدانیترین چرکەی ژیانی مرۆڤ ئەو کاتەیە کە بتوانێ چاو ببڕێتە ژیان... سەرتاسەری ژیان، بەیەکپارچەییەکی ناب. لەساتەکانی جەزبەی مەزنی تێڕامانی قووڵدا، زۆربەی مرۆڤەکان دەتوانن بگەنە ئەو ئیلهامە.

هەرچیم دەوێتو بەدوای هەرچیدا دەگەڕام، هەموویم لەتۆدا دۆزیوەتەوە: ڕۆحێك کە گیانی منی گەیاندە فڕین... کە ڕووناکاییەکی نوێی خستەسەر شتە کۆنەکان... کە ئامێزی خۆیی پێبەخشیم تاسەری گێژمی تێدا ئارام بکەمەوە. نووکە لەپێشوو پێم نزیکتریتو هەستدەکەم یەزدان خۆی لەو شتانەدا دەردەخات کەئێمە پێکەوە گرێ دەدەن.

٢٦و ٢٨/کانونی یەکەم/١٩٢٢

(٩٨)

ژیانی هاوسەرێتی ئیزن بە هیچکەس نادات ئەویدی بکاتە کۆیلەی خۆی، مەگەر تۆخۆت فەرمانبەریو کۆیلەیی بۆخۆت

بەڕەوا ببینی. بەئەندازەی ئـەو شـتەی کـەخۆت دەتـەوێ، ئـازادی ببەخـشە بـەدیتران، ئێمـە تـەنها دەتـوانین ئـەو شـتە وەربگـرین کەبەخۆمانیش دەیدەین. بنەمای ژیانی هاوسـەرێتی بـۆ خـەڵکی وشیارو تێگەیشتوو دەبێتە دۆسـتایەتیەکی پـاكو پـیرۆز کـە لـە ڕێیەوە بۆ وەدەست هێنانی ئارەزووەکانی خۆیانو ئەوکەسـەش کـە خۆشـیان دەوێـت، بجـەنگێن... بـەبێ ئـەو ئارەزووانـە، ژیـانی هاوسەرێتی وەکـوو نـان خـواردنی نیـوەڕۆو ئێوارەیـەکی لێـدێ. لەدۆستایەتیو لەئەشقیشدا دوو ڕۆحی وەك یەك بوونیان نیە. دوو کەس (دوو هاوسەر) بۆ وەدەست هێنـانی شـتێك پێکـەوە دەبـنو پێکـەوە هـەنگاو دەنـێن، کەئەگـەر بەتـەنێ بـن ئـەوا هـەرگیز نایگەنێ. دەستەواژەی کۆنی ئاهەنگی مارە بڕین: "بەمشێوەیە تۆ فلانەکەس قبووڵ دەکەیت بە هاوسەری خـۆت و..."، شـتێکی زۆر گەمژانەیە. چۆن کەسێك دەتوانێ کەسێکیدی قەبووڵ بکات؟ لەو حاڵەتـەدا یـەکێك لـەو دووانـە بـوونی خـۆی دەنێتـە لاوە، یـا بەواتایەکی ڕوونتر: ئەو دوو هاوسـەرە، لـەپاڵ یەکدیـدا شوناسـی سەربەخۆی خۆیان لەدەست دەدەن.

٢٦و ٢٧/مایس/١٩٢٣

**(٩٩)**

**ئازار، دەتوانێ داهێنەر بێت.**

**با شەرم نەکەین و سەربوردەی خۆمان شیکار بکەین و لێکی بدەینەوە. من بەبۆنەی تۆوە ئازاری زۆرم چێشتووەو دیارە تۆیش هەروا، بەڵام چاکەی ئەم ڕووداوە ئەوە بوو کە ئێمە لەناخی خۆماندا شتگەلێکمان دۆزیەوە کەبە هۆیانەوە لانیکەم ژیانی خۆمان دەناسین و لێی بەئاگا بووینەوە.**

**هەندێکەس دەگەنە ئەو ئەنجامەی کەباشترین شت لەژیاندا هەمان (شادی)یە، هەندێکیدی پەنجە دەخەنە سەر ڕەنج و ئازار، کەچی زۆربەی زۆری مرۆڤەکان هیچکام لەو دوو شتە بۆخۆیان بەڕەوا نابینن، بۆیەش ناگەنە هیچ و تەنها ئەوەندەیە، کە بەناو ژیاندا تێدەپەڕن.**

٢٣/حوزەیران/١٩٢٣

**(١٠٠)**

**(ڕۆژی دووەمی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٣، یەکەمین نوسخەی (پێغەمبەر) دەگاتە دەستی ماری هەسکڵ، گەرچی لەوەو پێش و بەهۆی نامە گۆڕینەوەیەکی زۆرو درێژخایەنەوە زۆر بەرهەمی جۆربەجۆری جبرانی خوێندبوونەوە، هەمیشە ڕەخنەو شیکردنەوەکانی میهرەبانانە بەڵام سادەو ساکارو**

دەق ئامێز بوون، کەچی ئەمجارە (بەتایبەتی) خۆی شێوازی پێغەمبەرانەی تەجروبە دەکرد):...

خەلیلی خۆشەویستم بەختەوەربیت... بەختەوەر بیت لەبەر گوتنی ئەو هەموو شتەو لەبەر ئەوەش کە وەستایەکیت، دەتوانی ڕووناکیو درەوشانەوەیەکی بینراو ببەخشیتە ژیانی دەروونی.

کامەران بیت کە وزەو خۆڕاگریی ئاگرو هەواو ئاوو خەرەندەکانت هەیە. ئەم کتێبەت گەنجینەیەك دەبێت لەدونیای ئەدەبیاتدا... کاتێ کە ڕۆحمان تاریك دادێ، بۆ ئەوەی جارێکیدی ئاسمانو زەمین لەناخی خۆماندا ببینینەوە، لاپەڕەکانی هەڵدەدەینەوە... ئەم کتێبە نەوە دوای نەوە هەر دەمێنێتەوەو هەمیشەو هەردەم خوێنەرەکانی، ئەوەی تێدا دەبیننەوە کە پێویستیان پێیەتی... لەگەڵ هەر جارێکیش، هەرچەندە مرۆڤەکان زۆرتر خۆیان بناسنەوە، ئەو، بەنرخترو خۆشەویستتر دەبێت.

بەڵێ وای لێدێ، ئەویش تەنها لەبەر ئەوەی کە ئەشقێکی مەزن ـــ ژیان ـــ نووسیویەتی.

خەلیل، دەزانی... مردنی درەختێك ڕەنگە لەئەنجامی ئاگر کەوتنەوەیەك بێت یاخود کەوتنە خوارێك بۆسەر خاکی جەنگەڵ، سەرەڕای ئەمەش (گڕ) ژیان بەرهەم دێنێتو لەگەرمای ئەوانەدا کەلەداهاتوودا ئەویندار دەبن، خۆی دووبارە دەکاتەوە.

**لەداهاتوودا زۆرکەس ئاشق دەبن، تەنانەت دوای ئەوەی کە جەستەیان ببێتە تەپوتۆز، ئەشقی خۆیان لەم کتێبەدا دەدۆزنەوە... چونکە لەڕاستیدا خودی یەزدانیش لەدوو تویێی لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا ئاشکرا بووە، دەرکەوتووەو دەبینرێت.**

بە ئەشقەوە... ماری

**(١٠١)**

**ماری خۆشەویستم، لەناخی دڵمەوە هیوا دەخوازم کە هەموو کاروبارێکت بە خۆشیو کامەرانی بگاتە ئەنجام.**

**منیش، هەموو شتێك هەروەك خۆی بەچواردەورمدا دەخولێتەوە. هەموو ڕۆژێك ماوەیەکی کورت ئیش دەکەم، وێنە دەکێشم، یا شتێك بەعەرەبی دەنوسم، بەڵام زۆرترین کاتی خۆم بەپیاسەی سەر تەپۆڵکەیەك یا بەرەو ئەم ستۆدیۆیە تێپەڕ دەکەم. دەکەومە نێو دەریای خەیاڵو بیر لەشوێنە هەرە دوورەکان دەکەمەوە، بیر لەو فکرانە دەکەمەوە کەهێشتا لەناو تەمێکدا پەنهاننو ناتوانم بیاندۆزمەوە.**

**زرۆجار واهەست دەکەم کە ئیدی جەستەیەکم نیە، دەڵێی هەورێکم کە هاتووە تابگۆڕدرێ بەباران یا بەفر.**

**دەزانی ماری؟ دەستم کردووە بەژیان بەسەر ڕووی زەمینەوە. پێشتر تەنها پنچێك بووم، ئێستاش کە ئازادم، نازانم چی بکەم**

لەگەڵ ئەم هەموو هەوایە... ئەم هەموو ڕووناکییەو ئەم هەموو پانتاییە. سەربردەی ئەو کەسانەم بیستووە کەماوەیەکی دوور ودرێژو سەخت لەزینداندا دەژینو دوای ئازاد بوونیان، یەکەم کاریان هەمان تاوانێکیدی بووە کە ئەنجامیان داوە، ئەویش لەبەر ئەوەی کەئەوان شێوەی ژیانیان لەئازادیو سەربەستیدا ون کردووە!

ماری گیان، هیوادارم ناچار نەبم دووبارە بگەڕێمەوە زیندان، چونکە خواوەند بۆ خۆی ئازادیو ڕزگارییە... خوا دڵی میهرەبانی تۆ لێوڕێژ بکات لەڕووناکایی پیرۆزی خۆی. گەرچی زۆر لێم دووریت، بەڵام هەمیشە پێش نووستنم ئەو بەردە بلوورە دەگرمە دەستەوەو سەیری دەکەم کە پێشتر تۆ پێت داومو بەمەچەشنەش لەملیۆنەها ساڵ دوورترو لەم دوورییە هەرە گەورەیە ئاگادار دەبم.

٢٢/نیسان/١٩٢٤

(٩)

لەسـالّی ١٩٢٣ بـەدواوە مـاری هەسـکلّ ژیـانی لـەماڵی (فلۆرەنس مینی)، لەشاری (ساوان)ی ویلایـەتی (جۆرجیا)دا دەسـپێکرد. خـەلیل، بـەردەوام لـەنێوان نیۆیـۆرك‌و بۆسـتۆندا لەهاتوچۆدا بووو هاوکات لەسەر پـرۆژەی جۆربـەجۆر، ـ وەك درێژەدانی پێغەمبـەرو وێنەکێشان بۆ پیشانگایەکان ـ کاری دەکـرد. ئـەو، نـاڕازی بـوو لـەوەی کەبـەهۆی سـەرکەوتنی کتێبەکەیـەوە، ئیـدی کـاتێکی چـەندانی بـۆ وێنەکێـشان نەماوەتـەوە. پەیوەنـدیی ماری لەگـەڵ فلـۆرەنس مینیـدا، کـەم کەم لەو نامەگەلەی کە بۆ جبرانی دەنوسین ئاشکراتر دەبوو. دوای ماوەیەك خۆڕاگری... سەرەنجام ماری بڕیاری دا لەگـەڵ مینیـدا ژیانی هاوسـەرێتی پێـك بهێنـێ. لـەو ڕۆژەوەش ئیـدی سـەفەری نیۆیـۆرکی نـەکردو نامەگۆڕینەوەکانیـشی لەگـەڵ جبرانـدا پـرژوبڵاوو کـەمتر بوویـەوە. جبرانیش لەگـەڵ (باربـارا یانگ)دا ئاشنایەتیی پەیـدا کـردو ئـەو دووانـە پەیوەندییـەکی بەردەوامیان پێکەوە گرێدا.

چەند ساڵ دواتریش یـانگ کتێبی (پیاوێك لەلوبنانـەوە)ی نوسی کە دەبێتە سەربردەو ژیاننامەیەکی سەرنجڕاکێشی ئەم نوسەرە.

بـاری تەندروسـتیی جـبرانیش، کەپێـشتریش هێنـدە بـاش نـەبوو، ئـاڵۆزتر بـووو بەرەبـەرە ڕووی لەتێکـچوون‌و توانـەوە

کــــرد... تـــا ئـــەوەی کـــە ڕۆژی دەیـــەمی نیـــسانی ١٩٣١ لەخەستەخانەیەکی نیۆیۆرکدا کۆچی دوایی کرد... گۆڤاری (نیۆیـۆرك سـان) نووسـیی: "پێغەمبـەرێك مـرد". جەنازەکـەیان ناردەوە بـۆ لوبنـانو لـە ڕێـوڕەسمێکی مەزنـدا لـە بەیرووتـەوە بەرەو (البشری)ی شوێنی لەدایکبوونی گواستیانەوە.

بەسـەر کێڵـی گۆڕەکەیـەوە ئـەم ڕسـتە جـوانو پـڕ واتایـەی خۆیان نوسی:

"هەر وەکوو ئێوە زیندووم... لەبەرانبەرتاندا ڕاوەستاوم... چاوی خۆتان بنوقێننو سەیری دەوروبەرتان بکەن."

کـــــــــۆتایی